ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
81
10 ی نیسان/ ئەپریلی 2024

## پەیامی کۆنگرەی (٦) ی حزب بۆ خەڵکی کوردستان!

لاپەرە ١٦



## بەڵگەنامە پەسەندکراوەکانی کۆنگرەی (٦)؛

لە لاپەڕەکانی ٤ تا ١٥ بخوێنەرەوە



## پڕۆژەی گەشەپێدانی ئابوری عێراق

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەرە ١٧



## کرێکاران و پرسی ڕێکخراوبوون

وەستا مەهدی

بۆ لاپەرە ٢٠



## هەوڵی پارێزگاری کۆن شکستی خوارد

بنار مستەفا

بۆ لاپەرە ٢١

## کۆنگرەی شەشەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەرکەوتووانە کۆتاییهات!

کۆنگرەی شەشەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بە بەشداری زۆربەی نوێنەرانی کۆنگرە و ژمارەیەک میوان لە هەڵسوراوانی جەماوەری و ژنان و دۆستانی حیزب و وەفدێکی رابەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق کە پێکهاتبوو لە هاورێیان سەمیر عادل سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی و خلیل ابراهیم و عەمار شەریف ئەندامانی مەکتەبی سیاسی، لە رۆژانی ٢٩ و ٣٠ی ئازار/ مارسی ٢٠٢٤ لە شاری سلێمانی بەرێوەچوو.

سەرەتا هاورێ شیرین ئەحمەد بەخێرهاتنی ئامادەبوانی کرد و پاشان بە مەبەستی شەرعیەتدان بە کۆنگرە، راپۆرتی چۆنیەتی بەرێوەچوونی هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە لەلایەن هاورێ فوئاد سادقەوە پێشکەش کرا و هاوکات سەرژمێری نوێنەرانی کۆنگرە و تەئکید لە ئامادەبوونی زۆرینەی نوینەران کرا. دوای ئەوەی کە هیچ تانەیەک دەربارەی چۆنیەتی بەرێوەچوونی هەڵبژاردنی نوێنەران پێشکەش نەکرا، نوێنەرانی کۆنگرە دەنگیان لەسەر شەرعیەتی هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ کۆنگرەی (٦) ی حیزب دا و بەوجۆرە کۆنگرە شەرعیەتی یاسایی وەرگرت و بە سرودی ئینتەرناسیۆنال و خولەکێک وەستان بۆ رێزگرتن لە یادی هاورێیانی گیانەبەختکردووی رێگای ئازادی و یەکسانی دەستی بە کارەکانی کرد.

ئینجا هاورێ عوسمانی حاجی مارف، وتاری کردنەوەی کۆنگرەی پێشکەش کرد و ئاماژەی بە جێگاورێگای تایبەتی کۆنگرەی چ لە ژیانی سیاسی و ریکخراوەیی حیزبدا و چ لە پەیوەند بە دۆخی سیاسی ئێستای کوردستان و ناوچەکە و جیهاندا

بۆ لاپەرە ٢

ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!

# درێژەی... کۆنگرەی شەشەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان ...!

کرد و دوای تەواوبوونی وتەکەی دەستەیەک لە ئەندامانی وەک لیژنەی بەڕێوەبردنی کۆنگرەی بە ئامادەبوان ناساند و لەلایەن ئامادەبوانەوە دەنگیان پێدرا. پاشان هاوڕێ سەمیر عادل سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی وتەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقی پێشکەش کرد. هەروەها ئاماژە بەو پەیام و نامانە درا کە بۆ کۆنگرە نێردرابوو. لەوانە، پەیامی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران_ حیکمەتیست، پەیامی حیزبی حیکمەتیست_ خەتی ڕەسمی، پەیامی ڕێکخراوی کرێکارانی بیناسازی.

دوای ئەوەی کە پەیڕەوی بەڕێوەچوون و دەستوری باسەکان لەلایەن نوێنەرانەوە پەسەند کرا، کۆنگرە دەستی بە کارەکانی کرد:

یەکەم بابەتی دانیشتنەکانی کۆنگرە بریتی بوو لە ڕاپۆرتی سیاسی لەنێوان دوو کۆنگرەدا کە لەلایەن هاوڕێ خسرەو سایە سەرۆکی مەکتەبی سیاسیەوە پێشکەش کرا. هاوڕێ خسرەو سایە لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژەی بە سەرەکیترین ئەو هەنگاوانە کرد کە حیزب لەنێوان دوو کۆنگرەدا ناویەتی و لێرەشەوە پەنجەی لەسەر خاڵە بەهێزەکان و ئەو پێشڕەوییەی کە حیزب لەنێوان کۆنگرەی (٥) و کۆنگرەی (٦)دا لەخۆی نیشانداوە دانا. هاوکات ئاماژەشی بە خاڵە لاوازەکان و گرفتەکانی سەر ڕێگای هەڵسوڕانی حیزب لەم دەورەیەدا کرد. هەوەها هاوڕێ خسرەو سایە لە ڕاپۆرتەکەیدا، لەسەر ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە دۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی عێراق و کوردستاندا، لەبەر ڕۆشنایی دۆخی جیهانی و ناوچەکەدا هاتوتە پێشەوە ڕاوەستا و لایەنەکانی ڕەوتی خەباتی چینایەتی شیکردەوە و لێرەشەوە ئاماژەی بە ئاسۆی سیاسی و گرنگترین مەیدانەکانی کاری حیزب و سەرخەتی ئەو ئەرکانەی کە دەبێ حیزب بۆ دەورەی داهاتو لەبەرچاویان بگرێ، کرد. شایانی وتنە ئامادەبوانی کۆنگرە بە بەشداری چالاکانە پێشوازییان لە ناوەڕۆکی سیاسی ڕاپۆرتەکە کرد.

دووەم باسی کۆنگرە، هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتی کاری ئۆرگان و کۆمیسیۆنەکانی حیزب بوو کە پێشتر بەشێوەی نوسراو خرابووە بەردەستی نوێنەران و میوانەکان. بەرپرسانی ئۆرگان و کۆمیسیۆنەکانی حیزب، هەریەکە لەماوەی قسەکردنی خۆیدا ئەنجامگیرییەکی لە ئاستەنگییەکان و پێشڕەوییەکانی خۆیان کرد و لەلایەن نوێنەرانی کۆنگرەوە قسەوباسی پێویستی لەسەر کرا.

باسێکی دیکەی کۆنگرە، بەڵگەنامەی دۆخی سیاسی کوردستان و ئەرکەکانی حیزب بوو کە لەلایەن ڕێبوار ئەحمەدەوە پێشکەش کرا. ڕێبوار ئەحمەد لە قسەوباسەکانیدا پێداگری لە پێویستیی بردنەسەری توانایی سیاسی و عەمەلی حیزب و بەرجەستەبونی وەکو حیزبێکی سیاسی بەهێز و شۆڕشگێڕ کرد کە لە جەرگەی بارودۆخی سیاسی تازەی کوردستان و ئەو هەموو نەهامەتیەی حیزبە بۆرژوازیەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی بەسەر جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستانیان هێناوە، توانای ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانەی هەبێت. لە قسەکانیدا جەختی لەوەکرد کە بۆ بەهێزکردنی پێگەی حیزب لە کۆمەڵگەدا پێویستە کۆمۆنیزم ببێت بە ئاڵای خەباتی کریکاران، ببێت بە ئاڵای خەباتی جەماوەری بۆ خواست و ئامانجەکانی جەماوەری ستەمدیدە، ببێت بە ئاڵای خەبات بۆ ڕزگاریی ژنان لە کۆیلایەتی و ستەمکێشی. هەروەها پێداگری لەسەر پێویستی بەرجەستەبوونی حیزب وەکو ئۆپۆزیسیۆنی سەرەکی و کاریگەر و دەسەڵاتخواز کرد کە خەبات دەکات بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی گەندەڵ و ستەمکار و خوێنمژی ئێستا و دامەزراندنی دەسەڵاتی شوراکانی خەڵک کە بتوانێ ئاوات و ئامانجەکانی جەماوەری خەڵک دەستەبەر بکات.

هەروەها وتی لە جەرگەی بارودۆخی تازەی کوردستان و عێراق و ناوچەکەدا، پێویستە پێگەی کۆمۆنیزم بەهێزبکرێت و لەمبارەیەوە پێداگری لەسەر بردنەسەری یەکدەستی زیاتری هەردوو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و کوردستان کرد. شایانی ئاماژەیە کە هاوڕێیانی بەشداری کۆنگرە بە شۆڕوشەوقەوە بەشداری گفتوگۆکانیان کرد سەبارەت بەم مەسەلەیە و پێشوازی گەرمییان لە بابەتەکە کرد.

بابەتێکی تری بەرنامەی کاری کۆنگرە بریتی بوو لە بە لگەنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، ئاراستەکان و ئەرکەکان کە لەلایەن موحسین کەریمەوە پێشکەش کرا. موحسین کەریم لە قسەوباسەکەیدا ئاماژەی بەوە کرد کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری وەکو هەر حیزبێکی سیاسی جدی، حیزبێکە کە بۆ دەسەڵاتی سیاسی تێدەکۆشێت و لە هەر قۆناغێکی ژیانی سیاسی حیزبدا بە تەشخیسکردنی سیاسی دروست و ستراتیژی سیاسی ڕۆشن و تاکتیکی سیاسی دروست و عەمەلی، لەناو کۆمەڵگە و لەناو هاوکێشەی سیاسی هێزە سیاسیە ئەسڵیەکانی کۆمەڵگا جێگای خۆی وەکو هێزێک کە شەڕی دەسەڵات دەکات پەیدا دەکات. موحسین کەریم ئاماژەی بەوە کرد کە پرسی دەسەڵاتی سیاسی، تەنها مەبەست لەو سات و کاتە نییە کە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەڕێگای ڕابەریکردنی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش و ستەملێکراوی کوردستانەوە، دەست بەسەر دەسەڵاتی سیاسی و دەوڵەتیدا دەگرێت، بەڵکو حیزبێکە کە لە هەر قۆناغێکی سیاسی کۆمەڵگە و کێشمەکێشی هێزە ئەسڵییەکانی بۆرژواییدا نوێنەرایەتی ئەو ئاراستەیە دەکات و بەشێکە لە میکانیزمی

دەسەڵات لەناو کۆمەڵگە کە توانای سەپاندنی بریاری سیاسی و ڕێگرتن لە بریاری سیاسی هێزەکانی دەسەڵات و دەوڵەتی هەیە. هەروەها ئاماژەی بە خاسیەتەکانی ئەو جۆرە لە حیزبی سیاسی کۆمۆنیستی کرد، بەوەی کە خاوەنی خەتی سیاسی جیاکەرەوەی خۆی، ڕابەری کۆمەڵایەتی کە پرسە گرنگەکانی کۆمەڵگاوە گرێیان خواردوە و بەوان دەناسرێتەوە، ڕیزێک لە کادر و ڕێکخراوە محەلیەکانی شوێنی کارو ژیان و کۆمیتە کۆمۆنیستیەکان و سەکۆیەک بۆ ڕێکخراوکردنی جەماوەری و حیزبێک کە بەشێکە لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کرێکاری و ئینتەرناسیۆنالیستی کرێکاری...

بەندێکی دیکەی بەرنامەی کاری کۆنگرە، بریار و بریارنامەکان بوون. لەو بەشەدا سەرباری پەسەندکردنی بەڵگەنامەکانی ڕاپۆرتی سیاسی، دۆخی سیاسی کوردستان و ئەرکەکانی حیزب و هەروەها حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان، ئاراستەکان و ئەرکەکان، چەند بریاری دیکە لەلایەن نوێنەرانی کۆنگرەوە پەسەندکران.

جێگای ئاماژەیە کە وەفدی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق وەکو نوێنەرانی کۆنگرە فرسەتی قسەوباسیان هەبوو لەسەر بەڵگەنامەکان و هەروەها میوانانیش ماوەیەکی تایبەتیان بۆ تەرخانکرا تا لەسەر بەڵگەنامەکان و قسەوباسەکانی ناو کۆنگرە سەرنج و تێبینیەکانی خۆیان بخەنە بەردەم کۆنگرە.

برگەی کۆتایی کارەکانی کۆنگرە بریتی بوو لە هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزب. لە ئەنجامدا (٢٥) کەس وەکو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزب هەڵبژێردران کە بریتی بوون لە:

ئاڵان مارف، ئەنوەر نوری، ئازاد مەجید، بنار مستەفا، جەلال سەعید، جەمال موحسن، خەسرەوسایە، دەشتی جەماڵ، ڕێبوار ئەحمەد، ڕێبوار عارف، شاباز محمود، عوسمان محمەد، فواد سادق، کامەران لەتیف، گەشاو رەحیم، محمودی حەلاق، مەهدی ڕەسوڵ، نەغدە عوسمان، ڕامان ئازاد، سەوسەن سەلیم، شیرین ئەحمەد، موحسن کەریم، عەبدوڵا محمود، عوسمان حاجی مارف، مستەفا باهیر.



پاش تەواوبوونی سەرجەم برگەکانی کۆنگرە، هاوڕێ عوسمانی حاجی مارف لە وتەیەکدا کۆتایی کارەکانی کۆنگرەی ڕاگەیاند و کۆنگرەی شەشەمی حیزب بە سرودی ئینتەرناسیۆناڵ، لەناو شۆروشەوقی هاوڕێیانی بەشداربوو وندا و دوای دوو ڕۆژ قسەوباسی چڕو تێروتەسەل، کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

دوای تەواو بوونی کۆنگرە، کۆمیتەی ناوەندی پلنۆمی ٢٩ی خۆی بەست و لەوێدا، هاوڕێ عوسمانی حاجی مارف بە سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرایەوە و هاوکات هەریەک لە هاوڕێیان: ڕێبوار ئەحمەد، عبدوڵا محمود، خەسرەو سایە، ئاڵان مارف، دەشتی جەمال، ئازاد مەجید، جەمال موحسن، مەهدی ڕەسوڵ، محسن کەریم، ڕێبوار عارف، فواد سادقی وەک ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەڵبژارد. مەکتەبی سیاسیش لە یەکەم کۆبونەوەی خۆیدا، هاوڕێ خەسرەو سایەی وەک سەرۆکی مەکتەبی سیاسی دیاریکرد.

٤/٤/٢٠٢٤

ئۆکتۆبەر

ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

سەرنوسەر : موحسن کەریم
ڤایبەر: 07700475533

مۆبایل:0044(0)7394013135

Muhsin_km@yahoo.com

ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:
بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر October

ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : عوسمانی حاجی مارف
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: خەسرەو سایە
00964(0)7701521043
Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: دەشتی جەمال
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:
جەمال موحسین
0047(0)47276028
Email:krtariati.ms@gmail.com

# لە کۆنگری پێنجەوە بۆ کۆنگرەی شەش

## ڕاپۆرتی سیاسی، سەرۆکی مەکتەبی سیاسی بۆ بەردەم کۆنگرەی شەشەمی حزب

هاورێیان، نوێنەرانی کۆنگرەی شەشەمی حزب، میوانان و ئامادەبووان!

ئەمڕۆ دوو ساڵ و چەند مانگێک بەسەر کۆنگرەی پێنجەمدا تێدەپەڕێت. ماوەی نێوان ئەم دوو کۆنگرەیە، گەرچی لەباری زەمەنییەوە کاتێکی زۆر نییە، بەڵام پڕە لە ئاڵوگۆڕی خێرا و گەورە کە کاریگەری زۆر بەرجەستەیان لەسەر تەواوی دنیا و ناوچەکە و عێراق و کوردستان داناوە و دادەنێن. دەتوانین بڵێین ئاڵوگۆڕەکان هێندە گەورە و کاریگەرن کە تەواوی دنیایان لەگەڵ پرس و ئارایشی نوێ ڕووبەڕووکردۆتەوە. ئەم ئاڵوگۆڕانە، کۆتایی دەورەیەک و سەرەتای دەورەیەکی تر دەخەنە بەردەم کۆمەڵگەی ئینسانییەوە. هەربۆیە ئەم کۆنگرەیە بەهەموو مانایەک لە هەلومەرجێکی زۆر تایبەت و لە برگەیەکی زۆر هەستیاری ناوچەکەو دنیادا بەڕێوە دەچێت، هەلومەرجێک کە کاریگەری خۆی لەسەر سەرجەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسی و چینایەتیەکان دادەنێت، لەوانەش لەسەر حزبی ئێمە و کۆنگرە و بڕیارە سیاسییەکانی.

کۆتاییهاتن و شکستخواردنی هەوڵەکانی ئەمەریکا بۆ بنیاتنانی دنیای یەک جەمسەری و پێویستیی هێنانەکایەی سیستەمێکی نوێی جیهانیی بۆرژوازی و ئارایشدانەوەی سەرلەنوێی دنیا لەسەر بنەمای دنیای چەند جەمسەری، ئەو ئاڵوگۆڕە بناغەییەیە کە ئەم کۆنگرەیەی تیادا دەبەسترێت. ئەمە خاڵی هەرە سەرەکی بەردەم ئەم کۆنگرەیەیە، بەجیا لەو ئەرکە سیاسی و ڕۆتینی و حقوقیانەی کە هەر کۆنگرەیەکی حزبی بەئاقاری ئارایشدانەوە و بەخشینی وزەی نوێ بەجەستەی حزب لەبەرچاوی دەگرێ. هەر بۆیە ناسینی ئەم هەلومەرجە تازەیەو بەدەستهێنانی تێگەیشتنێکی هاوبەش لەسەر ئەم دۆخە تازەیە و لێرەشەوە بردنەسەری ئامادەییەکانی حزب بۆ گێڕانی ڕۆڵێکی کاریگەر لە جەرگەی ئەم بارودۆخە سیاسییەدا و بەمجۆرەش پێکهێنانی گۆڕانکاری لە کاراکتەری حزبدا بەئاقاری بوونی بە ئامرازێکی دەخاڵەتگەری سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەنگاوهەڵگرتن بەرەو گرتنی دەسەڵاتی سیاسی، جێگایەکی تایبەت و گرنگی لەم کۆنگرەیەدا هەیە.

هاورێیان! کۆنگرەی پێنجەمی حزب لەکاتێکدا بەڕێوەچوو کە پێگەی حزب لەئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەییدا نەخوازراو بوو. لەباری عەمەلییەوە ڕۆشن نەبوو کە چی دەکات و دەیەوێت بەرەو کوێ بڕوات، تەنانەت لەمەیدانەکانی کاردا بێ سەروسامان بوو. جیابوونەوەکان لەڕیزەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری کاریگەری سلبی لەسەر ڕیزەکانی حزب و ئومێدەواریان دانابوو. بەو هۆکارانەش حزب جێگەو ڕێگەیەکی دیاری لە دۆخی پڕ کێشەو ئاڵۆزکاوی شەڕی دەسەڵاتدا نەبوو. بەڵام کۆنگرەی پێنجەم ئاڵوگۆڕێکی بەرجەستەی بەسەر بارودۆخی حزبدا هێنا. سەرباری پێداگری لەسەر پێویستی کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی میلیشیایی ئەحزابی بۆرژوا ناسیونالیستی کورد، لەباری ڕێکخراوەییەوە حزبی دامەزراندەوە، کە دەکرێ بوترێت دووبارە کۆنگرەی دامەزراندنی حزب بوو. لەباری سیاسیشەوە حزبی کردە خاوەنی ستراتیژێکی ڕۆشن و چەندین بەڵگەنامە و بڕیارنامەی سیاسی لەپەیوەند بە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و بزوتنەوەی کرێکاری و شێوازی حکومڕانی دوای ڕاماڵینی دەسەڵات، دەعوانامە و چەندین بڕیار و ڕاسپاردەی پێویستی پەسەندکرد و خستیە بەردەم ئۆرگانە ڕابەرییەکانی حیزبەوە. هاوکات بڕیاری دامەزراندنی ئۆرگانەکانی ڕێکخستن و ڕابەرییەکی نوێی دا و بەپێی دۆخی تازە ئارایش درایەوە. بەکردەوە دوای کۆتاییهاتنی کاری کۆنگرە، حزب سەروسامانی بەخۆی دایەوە، ڕێکخستنی شارەکانی هەولێر و سلێمانی و کەرکوک و گەرمیان و پشدەرو بیتوێنی دامەزراندەوە، هەروەها دەستیبرد بۆ کاردابەشکردن لەئاستی ڕابەریدا تا مەیدانەکانی کاری حزب سەرپەرشتی بکات، بۆ ئەمەش چەند کۆمیسیۆنێک پێکهێنرا؛ لەوانە کۆمیسیۆنی ڕاگەیاندن، کۆمیسیۆنی کرێکاری، کۆمیسیۆنی مالی و ڕێکخستن و مەیدانی جەماوەری. ئەمەش بەو مەبەستە بوو کە حیزب بتوانێت دەخاڵەتگەریەکی چالاک و شایستەی هەبێت لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەییدا.

وەک بەرئەنجامێک لەم ئاڵوگۆڕە ناوخۆییانە، حزب پێی نایە دەورەیەکەوە لەکاری حزبی و توانی جارێکی تر لەئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا قۆڵی لێ هەڵبماڵێ و ئامادەیی بەدەست بهێنێ بۆ کارو هەڵسوڕان لە کۆمەڵێک مەیداندا، چ لەناوخۆی کوردستان و چ لەدەرەوەی وڵاتدا، لەوانە:

– لەمەیدانی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەریدا، جگە لەوەی حزب و کادرەکانی لەزۆرێک لە بزوتنەوە نارەزایەتیە جەماوەریەکاندا بۆ مووچەو خزمەتگوزاریەکان تا وەستانەوە بەرووی دەخاڵەت و ملهوری وڵاتەکان و بەرگری لە ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتانی ناوچەکە، ڕۆڵیان بینیوە، هاوکات حزب توانیویەتی هەنگاوی باش لەڕاستای لێکنزیکردنەوە و کۆکردنەوەی ژمارەیەک لە ڕابەران و هەڵسوڕاوانی نارەزایەتیەکان هەڵگرێت و ئاسۆیەکی سیاسی و خەباتکارانەیان بخاتە بەردەست و بەرادەیەکیش ڕۆڵی ⟸

دەخاڵەتگەری لەنارەزایەتیەکاندا بگێڕێ.

– لەئاست بزوتنەوەی کرێکاریی و کێشەو مەسەلەکانی خەباتی ڕۆژانەی کرێکاراندا، بەتایبەتی حزب بە دەخاڵەتگەری ڕابەری و کۆمیسیۆنی کاروباری کرێکاران، توانی ڕایەڵ و پەیوەندی لەگەڵ بەشێک لە ڕابەرانی کرێکاران دروست بکات و ئامادەیی لەناو بزوتنەوە نارەزایەتیەکانیاندا نیشان بدات، بەتایبەتی کرێکارانی ژینگەپارێز و کرێکارانی چەندین کارگەو شوێنی کرێکاریی. بڵاوکراوەی دەنگی کرێکاریش بەجیا لە کاری لەسەر کرێکاران و ژیان و گوزەران و خستنەڕووی گرفت و ڕێگرییەکانی بەردەم جوڵانەوەی کرێکاری و بەرگریکردنی لە داخوازی و مافەکان و بەرگری لەمافە یاساییەکانیان، تا ڕادەیەک توانراوە بکرێتە ڕێگایەک بۆ پەیوەندی بە کرێکاران و چەندین کارگەو ناوەندی کرێکارییەوە.

– لە مەیدانی کاری ڕاگەیاندندا، چ ئۆکتۆبەر وەکو بڵاوکراوەی حزب و چ ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بەشێوەیەکی ڕێکوپێک تا ڕادەیەکی باش توانیویانە سیاسەت و ڕێگاچارە و ڕوانگەو بۆچوونەکانی حزب بڵاوبکەنەوە. هەروەها کەم پرس و دۆسیەی سەرەکی هەبووە لەکاتی خۆیدا ڕادیۆ و تەلەفزیۆن قسەی لەسەر نەکەن. ئەمانە وایکردووە کە ئەم دەزگایانە بەرەوپێشەوە برۆن و بینەرو بیسەریان زۆر زیادبکات و دەخاڵەت و پرسیار کردن لەبارەی خۆیان و باسەکانیانەوە بەرەوسەربچێت.

– لەمەیدانی مالیدا، حزب بەهەوڵی کۆمیسیۆنی مالی توانیویەتی بونیەی مالیی حیزب ڕێکبخاتەوەو سیاسەتێکی ڕۆشنی بودجەبەندی و سەرفکردن دابرێژێ و بەپێی ئەولەویاتەکان، ئیمکاناتی مالی بخاتە ئیختیاری ئۆرگانەکانەوە.

– لەمەیدانی کاری ڕابەری و ئیدارەدانی ئۆرگانەکاندا، حیزب توانیویەتی بەگشتی ئاستێکی باش لە ئینسجامی سیاسی لەنێو کۆمیتەی ناوەندی و مەکتەبی سیاسیدا بەدەست بهێنێت، سەرپەرشتی پرۆژەکان و مەیدانەکانی کار بکات و ڕێنمایی و تەرحی پێویست بخاتەڕوو. بەرادەیەک حزب توانیویەتی لێکەوتەو کاریگەریەکانی جیابوونەوەکان و وازهێنانەکان لە ڕیزەکانی کۆمۆنیزمی کریکاری و حزبدا کەنار بخات و ئاسۆ و ئومێدەواری بە ڕیزەکانی حزب ببەخشێت و ئینسجامێکی سیاسی باڵا لەناو ڕابەری حزبدا فەراهەم بکات.

– لەمەیدانی کار لەدەرەوەی وڵاتدا، بەهەوڵی ڕێکخراوی دەرەوە حزب توانیویەتی پێگەیەکی گونجاو بەدەستبهێنێ. سازدانی کۆنفرانسی دەرەوە، جیاکردنەوەی کادران، سەرپێکەوتنی کۆمیتەو ڕێکخستنی وڵاتەکان، ڕۆشنی لەسەر خەت و جیهەتی کار، کۆکردنەوەی کۆمەک و ئابونەکان.. هەموو ئەمانە پێگەی ڕێکخراوی دەرەوەی بەرەو سەرەوە بردووەو بەم هۆیەشەوە حیزب توانیویەتی روخسارێکی خەباتکارانە لەزۆر ڕووەوە لەخۆی نیشان بدات، بەتایبەتی ئاکسیۆنەکان لەدژی حکومەتی هەرێم و کۆماری ئیسلامی و دەوڵەتی ئیسرائیل و بۆ پشتیوانی لەخواستەکانی خەڵکی نارازی کوردستان و بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی ئێران و لەدژی جەنگ و داگیرکاری ئیسرائیل و شەڕی ئۆکرانیا. سەرەڕای ئەمانە ڕێکخراوی دەرەوە توانیویەتی پەیوەندییەکی فراوان لەگەڵ ڕیکخراوە چەپ و کرێکاریەکان لەچەندین وڵاتدا دابمەزرێنێ.

بەجیا لەم خاڵانەی سەرەوە، حیزب لەئاستی کۆمەڵایەتیدا لەپەیوەند بەچەند مەسەلەوە توانیویەتی ڕۆڵی بەرجەستە بگێڕێت، لەوانە:

١/ بزوتنەوەی شۆڕشگێرانە لە ئێران: حزب توانی ڕۆڵێکی بەرجەستە و حاشاهەڵنەگر و ڕۆشن لە پشتیوانی لە بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی ئێران نیشانبدات. لە زوربەی هەرەزۆری کۆبونەوەو ئاکسیۆنەکانی پشتیوانی لەم بزوتنەوەیەدا چ بەشێوەی سەربەخۆ وەکو ڕێکخەر و چ وەکو بەشدار، بەشێک بوو لە بزوتنەوەی پشتیوانی لە خواستە ڕەواکانی ڕاپەرین و بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی خەڵکی ئێران و بزووتنەوەی ڕاکێشانی پشتیوانی ڕێکخراوەو نەقابە کرێکارییەکان بۆی، بەتایبەتیش لە ئاستی دەرەوەدا.

٢/ جەنگ لە ئۆکرانیا، برگەیەکی تر بوو کە تیایدا حزب زۆر زوو بە گرتنەبەری سیاسەتێکی ڕۆشن ماهیەتی جەنگ و ئایندەی ئەم جەنگەو پەیامەکان و کاریگەری و لێکەوتەکانی لە ئاستی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ئایدۆلۆژی نیشاندا. حزب بە هاوبەشی لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و حزبی حیکمەتیست-خەتی ڕەسمی بۆچوون و لێکدانەوەی جیاوازی خۆیان لەسەر ئەو شەڕە خستەڕوو، هەڵوێستی دروستیان لێی گرت و نوێنەرایەتی خەتێکی سیاسی جیاوازیان کرد، بەتایبەت لەگەڵ ئەو ڕەوتە چەپانەی کە فریوی میدیای دەستی ڕاستی بۆرژوازی جیهانیان خوارد و بەبەهانەی ئەوەی ڕوسیا هێرش و تەجاوزی کردوە، یەکلایەنە ڕوسیایان تاوانبار کردو ڕۆڵی ناتۆیان لە زەمینەسازی بۆ ئەم جەنگە نادیدە گرت.

٣/ داگیرکاری ئیسرائیل: ئەمە ویستگەیەکی تر بوو کە لەژێر کاریگەری و هەژموونی ئاڵوگۆڕەکانی دنیادا رویدا. هاتنە دەستی حزب و ناسینی ماهیەت و هۆکارەکانی داگیرکاری ئیسرائیل و پاڵنەرەکانی پشتیوانی ئەمریکا و غەرب لەو داگیرکاریە و دووڕوویی مامەڵەی ئەمریکا و غەرب لەسەر داگیرکاری ئیسرائیل و ئایندەو ئاکامەکانی ئەم جەنگە لەئاستی ناوچەکەو نەکەوتنە دوای لێکدانەوەی کۆنی دنیای دووقوتبی (جەنگی دوو جەمسەری تیرۆریستی) و قەتیس مانەوە لە لێکدانەوەی جەنگی ئیسرائیل لەدژی حەماس... تاد، کە بەتایبەت زۆرێک لە لایەنە چەپەکان تێیکەوتن و بیانەوێ یان نەیانەوێ هەڵوێستەکەیان بوو بە بەشێک لەو پاساوەی کە ئیسلامی بوون

⇨ و تیرۆریستبوونی حەماسی دەکردە پاساو بۆ فاشیزمی دەوڵەتی ئیسرائیل لە کوشتاری خەڵکی مەدەنی فەلەستین، ئەمەش لەپاڵ بەشداری و ڕۆڵی ئێمە لە بزوتنەوەی کرێکاری و جەماوەری دژ بە داگیرکاری، هەرسێ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و کوردستان و حیکمەتیست- خەتی ڕەسمی وەکو جەمسەرێکی کۆمۆنیستی و خاوەن هەڵوێستێکی بەتەواوی جیاواز بەرجەستەکرد. ئەو ئامادەییە بەرجەستەیە بوو کە کاریگەرییەکەی گەیشتە ناوخۆی فەلەستین و سەرنجی بەشێک لە هێزە سیاسیەکانی فەلەستینی بۆخۆی ڕاکێشا..

٤/ لەپەیوەند بە هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بۆسەر لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان لە خاکی هەرێمدا: حیزب بە مەسئولیەتەوە بەرەو پیری بەرپەرچدانەوەی ئەم هەڕەشانە چوو. جگە لە ڕاگەیاندنی هەڵوێستی ڕاشکاوانەی خۆی، ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاریکردن و بەهاناوە چوونی پەنابەرانی ئێرانی لە هەر حاڵەتێکی نەخوازراودا، ڕاگەیاند و کۆمەڵێک هەنگاوی لەو بارەوە هەڵگرت.

٥/ لەمەیدانی پەیوەندیەکانمان لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و حزبی حیکمەتیست- خەتی ڕەسمیدا: ئەم پەیوەندییانە لەئاستێکی باشدا ڕێکخراوە. پەسەندکردنی پرۆتۆکۆڵ لەگەڵ حزبی عێراقدا و کۆبوونەوەکانمان لەگەڵ هاوڕێیانی خەتی ڕەسمیدا، توانیویەتی ئینسجامی سیاسی و دەخاڵەتکردنی هاوبەشی سێ حزب زامن بکات. دەخاڵەتی سێ حیزب لەپەیوەند بە جەنگی ئیسرائیلەوە لەدژی خەڵکی غەززە، نموونەیەکی ئەم کارە هاوبەشەیە.

هاوڕێیان! هەموو ئەو لایەنانەی کە لەکاری ئەم دەورەیەی حیزبدا ئاماژەیان پێدرا پێمان دەڵێت کە حزب لەماوەی نێوان دوو کۆنگرەدا، توانیویەتی نەک هەرخۆی ڕێکبخاتەوەو بونی خۆی وەک حیزبێک بسەلمێنێ و بەئاستێکیش کاری حزبی بەرێبخاتەوە، بگرە ئەوەش بەرجەستە دەکاتەوە کە ئەم حزبە قابیلیەتی دەخاڵەتگەری و ڕۆڵگێرانی لە مەسەلە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا هەیە. ئەمە دەستکەوتێکی گەورەیە کە بە هەوڵ و تێکۆشان و ماندویێتی کادران و ئەندامانی حیزب بەدەستهاتوە و دەکرێ وەک بنەمایەک بۆ پێکهێنانی گۆڕانکاری ڕیشەیی و فراوانتر لەحزبدا بەدەستەوە بگیرێ. ئەم دەسکەوتە زەمینەی ئەوە فەراهەم دەکات کە حزب ببێتە حیزبێکی سیاسی شۆڕشگێڕو جەنگاوەر و بەگژ هەموو دەسەڵات و ئەو بزوتنەوەو حزبانەدا بچێتەوە کە پارێزەری دۆخی ئیستان.

بەڵام هاوڕێیان، سەرەڕای دەسکەوتەکانی ئەم دەورەیە، هێشتا حزب لەگەڵ کەموکوڕی و ناتەواوی گەورە بەرەو ڕووە، هێشتا حزب مەوقعیەتەکەی لەگەڵ چاوەڕوانیەک کە بۆخۆمان دانابوو، ناکۆکی هەیە. هێشتا حزب، پێگەی وەکو پێویست نییە و بەشێک نییە لە هاوکێشەی سیاسی و ڕۆڵی لە پەیوەند بە پرسە سەرەکی و بناغەییەکانەوە زۆر سنوردارە. هێشتا حزب نەیتوانیوە ببێتە ئالاهەگری بەکردەوەی پرسە بناغەییەکان و فاکتەرێک بۆ گۆڕانی هاوسەنگی هێز و ڕێگر لە سیاسەت و نەخشەکانی هێزە بۆرژوازییەکان و بەشێک لە هاوکێشەی سیاسی. هێشتا ئیدعای حزب و ڕابەری ڕوو بەکۆمەڵگە بچوک و نادیارە. هێشتا حزب نەبۆتە حزبێکی میلیتانت و جێگامتمانەی چینی کرێکار و جەماوەری بێبەش و زیاتر لەوەش نەیتوانیوە ڕادەی ئامادەیی سیاسی حزب لەگەڵ پێگە ڕێکخراوەیەکەی، یەکسان بکات. لەو نێوەدا دوو گرفتی سەرەکی کۆسپی بەردەم کاری حزب بوون، بەجیا لەوەی ئەولەویەتەکان وەکو پێویست بەدەستەوە نەگیران:

١/ حزب هێندەی سەرقاڵی مەیدانی کاری ڕێکخراوەیی ناوخۆیی بووە هێندە لەپرسە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا دەرنەکەوتووە و بەڵگەنامە و بڕیارنامەکانی حزب نەبوونە بنەمای کارمان لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا. حزب لە ئاستی کۆمەڵگەدا، لەسەر مەسەلە گرنگ و چارەنووسسازەکان چ لەپەیوەند بە پرسە سیاسی و ڕۆژانەییەکانی خەڵک و چ لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هێزە قەومی و دینیەکان و سیاسەت و پرۆژەکانیان، نەچووە بەرامبەرکێ و کێشمەکێشی کۆمەڵایەتیەوە. حزب بەوێنەی نوێنەری ئازادیخوازی و مۆدیرنیزم لە کۆمەڵگەی کوردستاندا لەبەرامبەر کۆنەپەرستی قەومی و دینی و ڕەوتە سەلەفی و ئیسلامیەکاندا دەرنەکەوت.

٢/ حزورو دەرکەوتنی ڕابەری لەئاستی کۆمەڵگەدا و لە پرسە هەستیارو گرنگەکاندا... لاواز بوو. ڕابەری حزب لەئاستی ڕابەری ئەحزابی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازییدا دەرنەکەوت.

بەڵام سەرباری ئەم لاوازییە سەرەکییانە خاڵێکی زۆر درەخشان هەیە دەبێ ئاماژەی پێبدەین کە دەکرێت ببێتە بنەمای پێشرەوی گەورەو گۆڕینی حزب لە حزبێکی بچوک و کەم کاریگەرەوە بۆ حزبێکی دەخاڵەتگەری سیاسی و کۆمەڵایەتی و حزبی خوازیاری دەسەڵات، ئەویش ئەوەیە کە سەرەکیترین و گرنگترین لایەنی حزب سەرباری ئەو مەوقعیەتە نەخوازراوەی هەیەتی، کە پەیوەندی بە پراکتیکی حزبەوە هەیە، ئەوە بوو کە لەپەیوەند بە ڕوداو و پێشهاتە سیاسیەکان نیشانیدا کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەر بە یەکێک لە ڕۆشنترین خەتە فکری و سیاسی و کۆمۆنیستیەکانەو سەرباری هەر نائامادەییەکی پێویست خاوەنی خەتێکی تەواو جیاوازە لە باقی ئەو ڕەوت و لایەنە چەپانەی کە بانگەشەی کۆمۆنیزم و کۆمۆنیزمی کرێکاری دەکەن و ڕوادو و پێشهاتەکان توشی سەرەگێژەیان دەکات.

هاوڕێیان، نوێنەرانی کۆنگرەی شەشەم، میوانان و ئامادەبووان!

بەدوای هەموو ئەم قسانەدا، ئەگەر ئەنجامگیریەکی گشتی لە کار و هەڵسوڕانی دەورەی نێوان کۆنگرەی پێنجەم و ئەم کۆنگرەیە بکەین ⇦

ئەوا دەتوانین بڵێین ئێستا حزبمان هەیە و ئەم حیزبە تاڕادەیەکی باش خاوەنی ڕیزێک لەڕابەری و کادر و ئۆرگانەکانیەتی، هەڵگری خەتێکی سیاسی وعەمەلیە، بەدەرەجاتێکی باش لە ئینسجام و ڕۆشنی سیاسی و فکری بەهرەمەندە. بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە دەمانەوێت لەم کۆنگرەیەدا حزب بەرەو کوێ بەرین، لەکاتێکدا کە کەسمان هێشتا ڕازی نین بەو مەوقعیەتەی کە حزب هەیەتی؟ لەکاتێکدا کە ڕوداوەکانی کۆمەڵگا لەبەرچاومانە، لەکاتێکدا کە دۆخی ناهەمواری کرێکاران و خەڵکی بەشمەینەت چاویان لە بەدیلێکی ڕزگاریبەخش بڕیوە. وەڵامی ئەم پرسیارە شتێکی تر نیە جگە لەوەی کە دەبێ بەسەر ئەو کەموکوڕیانەدا زاڵ بین کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد. واتە ئەم کۆنگرەیە بکەینە وێستگەی پێکهێنانی گۆڕانکاری لەخۆمان و لەحیزبەکەماندا. ئەم حیزبە بکەینە حیزبێکی سیاسی کۆمۆنیستی دەخاڵەتگەرو جەنگاوەر کە بچێتە شەڕی هەر ڕۆژەی گرتنی دەسەڵاتەوە، بەڵام بۆ گەیشتن بەحیزبێکی لەمجۆرە، بەر لەهەر شتێک دەبی ئەو دۆخە بناسین کە ئەم کۆنگرەیەی تێیدا بەرپاکراوە:

کۆنگرەی شەشەم لە چ هەلومەرجێکدا بەڕێوە دەچێت؟

ئێستا کە لە کۆنگرەی شەشەمداین، ئاڵوگۆڕێکی جدی بەسەر هەلومەرجی سیاسی دنیا بەگشتی و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەتایبەتی هاتووە. ئاڵوگۆڕێکی سەرەکی بەسەر هاوسەنگی هێزەکان و دۆسیەکان و جۆری ململانێکاندا هاتووەو چەندین دۆسیە و پرسی تایبەتی و کاریگەرتر کە لێکەوتەی ئابوری و سیاسی و ئایدۆلۆژی و سەربازی و دیبلۆماسی بەسەر دنیادا هەیە، هاتوونەتە پێشەوە.

ڕەوتی ناکامیی ئەمریکا لە پێکهێنانی سیستەمی تاک جەمسەری بەکۆتایی خۆی گەیشتووەو لەوەش زیاتر تەریک کەوتنەوەی لە ئاستی دنیادا، بۆتە واقعیەتێک. ئێستا ڕوسیا و چین وەکو قوتبێکی پێگرتووی ئابوری و سیاسی، سەربازی ئیمپریالیستی بونەتە تەرەفێک لەفەزای جەنگ و میلیتاریستی دونیا و ناوچەکەدا و ئەو کێشمەکێشانەی کە کۆمەڵگای بەشەری ڕووبەڕووی نەهامەتی و کارەساتەکان کردۆتەوە.. بریکس وەکو پرۆژەیەکی ڕوسی و چینی هەروەها جەنگی ئۆکرانیا گوزارشت لە دونیای چەند جەمسەری لە هەموو ئاستەکاندا دەکەن. جەنگێک کە زیاتر لەدوو ساڵە بەردەوامەو ئەمریکا و غەرب نەک هەر لە ئاکامی ئەو جەنگەدا ناکامن، بەڵکو ڕاسیزم و جیاکاری و میلیتاریزمیان گواستۆتەوە بۆناو جەرگەی ئەوروپا و لەوەش زیاتر ئەم جەنگە بانگەوازی دیموکراسیی بۆرژوازیی غەربی و بنبەستی ئایدۆلۆژی ئەم کەمپەی لە ئاستی دنیادا مایەپووچ کردووە. داگیرکاری و جەنگی دەوڵەتی ئیسرائیل لەدژی خەڵکی فەلەستین بەپاساوی لەبەینبردنی حەماس، نەک جارێکی تر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕستی کردەوە گۆڕەپانێکی نائارام و مەیدانی جەنگ، بەڵکو هەموو ڕێکەوتنەکانی پێشووی ئیسرائیل و وڵاتە عەرەبیەکان و پەیوەندی نێوانیانی توشی هەڵپەساردن کرد، وە جارێکی تر پرسی کەنارخراوی چارەسەری کێشەی فەلەستنی کردەوە پرسی ڕۆژ و لاوازیی ئەمریکا و ئیسرائیلی وەکو هاوپەیمانی میحوەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، نیشاندا. جارێکی تر بزوتنەوەی کرێکاری و جەماوەری ئازادیخوازی دنیای بەرووی ئەمریکا و غەرب و ئەوروپادا، هەڵخڕاند و نیشانیدا ئینسانگەرایی تینووی ئارامی و ئازادی و دژی ملهوری ئەمریکا و غەرب، هێشتا هێزی بڕیادەرو چارەنووسسازە لە دیاریکردنی چارەنووسی ئینسانی ئەم سەردەمەدا. یەکێتی ئەوروپا، لەگەڵ ئەوەدا کە جەنگی ئۆکرانیا بواری پێبەخشی ناتۆی لاکەوتەی مەقاشی دەستی ئەمریکا بێنێتەوە مەیدان، بەڵام خودی یەکێتی ئەوروپا سەربەخۆ لە ئەمریکا سەری بەرزکردۆتەوە. وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکە چیتر وەکو پێشوو ئامرازێک نین بەدەستی ئەمریکا و غەربەوە، بەڵکو کاراکتەری سەربەخۆن و خاوەن پێگەی تایبەتی خۆیانن...

وڵاتانی ناوچەکە لەوانە ئێران و تورکیا و تا ڕادەیەکیش سعودیە، وەکو سێ جەمسەری ناوچەیی سەربەخۆ لە ئەمریکا و غەرب، لەناوچەکەدا ململانێی لەسەر باڵادەستی بەسەر ناوچەکەدا دەکەن و دەستێوەردانیان لە عێراق و سوریا و تەواوی ناوچەکەدا، لە چوارچێوەیەکی تازەدا دەچێتەپێشەوە... ململانێکانی ئەمریکا و ئێران، لە چوارچێوەیەکی بڕێک ئارامتردا، بە ئاقاری کەمبوونەوەی گرژیەکانیان و گێڕانەوەی ڕادەیەک لە ئارامی بۆ ناوچەکە هەنگاو دەنێت. دەستوەردانەکانی تورکیاش لەناوچەکەدا بە کەڵک وەرگرتن لە دۆخی دوبارە ئارایشدانەوەی ناوچەکانی نفوز لە ئاستی دنیا و ناوچەکەدا بە گلۆپی سەوزی سەرجەم قوتبەکانی "ئەمریکا، یەکێتی ئەوروپا، ڕوسیاو چین" دەچێتە پێشەوە. هاتنەوە سەرکاری تاڵیبان لە ئەفغانستان و گۆڕانی ململانێکانی ئێران و ئەمریکا... ئەوەی نیشاندا بۆرژوازی لە ئاستی جیهانیدا، ناکۆکی قوڵ و چارەهەڵنەگری لەگەڵ ڕژێمە دیکتاتۆرەکان و دەسەڵاتە سەربازیەکان و حکومەتە ئیسلامی و کۆنەپەرستەکان و دەستەو تاقم و دەوڵەتە دژە پەرلەمانی و دژە دیموکراسیەکان نییەو مامەڵەکردن و ڕێکەوتن لەگەڵیاندا لەگەڵ دیموکراسی و بازاڕی ئازاد و لیبرالیزمدا ناکۆکیەکی قوڵی نییە.

دۆخی سیاسی عێراق و کوردستان، بەتەواوەتی لەژێر هەژموونی ئەو ئاڵوگۆڕە جیهانی و ناوچەییەدایە... عێراق بەکردەوە بەرەو دەوڵەتێکی ئاسایی و جێگا متمانە لە جیهانی عەرەبی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا هەنگاو دەنێت. بۆرژوازی عێراقی سەرباری ناکۆکی و ململانێی نێوانیان، قوتبی کردنەوەی دەسەڵاتی ناوەند لەڕێگای پابەندکردنی دەسەڵاتە لۆکاڵیەکان و گێڕانەوەیان بۆ ژێر دەسەڵات و هەژموونی

دەوڵەت لە چوارچێوەی فیدراڵیزمی قەومیدا دەستی پێکردووە. ئەمە سەرەتای کۆتاییهاتنی دورەی پێشوو و چوونە ناو دەورەیەکی تازەیە. لەو چوارچێوەیەدا، دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد لەدوای ١٦ ئۆکتۆبەرەوە هەر رۆژەی بە پرۆژەیەک و بە بریارێکی دادگای فیدراڵی، پشتبەستوو بە دەستور، ئابوری و داهات و بریاری سیاسی و دەسەڵات و پەیوەندییەکان و سنور و ئەمنیەت و دۆسیەی یاسایی... لەدەستی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد دەرهێناوە. بەرادەیەک کە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا بووەتە قەیرانێکی قوڵ و بێچارەی سیاسی و ئابوری و دارایی. دۆسیەی دەرهێنانی نەوت و غاز و فرۆشتنی، داهاتە ناوخۆییە نانەوتیەکانی وەکو باج و رسومات و دەروازە سنوریەکان، مافی دەستێوەردانی ناوەند لە هەرێمدا، هەوڵەکانی بۆ گێرانەوەی هەیمەنەی ئەمنی سنورەکان بۆ ناوەند، راگرتنی پەرلەمان و هەڵوەشاندنەوەی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان، بە نایاسایی بوونی ئەنجومەنی پارێزگاکان... گۆشە بەگۆشەی داماڵینی دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردە لە قەڵەمرەوی بریار و دەسەڵاتی سیاسیدا. دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردیش کە هیچ کارتێکی بەدەستەوە نەماوە، ملکەچی بریارەکانی بەغدا بوون و ململانێی پارتی و یەکێتی لەسەر دەسەڵات و داهات لە هەرێمدا جێگای خۆیداوە بە ململانێ بۆ خۆبەستنەوە بە بەغدا و دەسەڵاتی ناوەندەوە، تا لەو رێگایەوە لە پرسی ئیدارەی هەرێم و پۆستە ئیداری و جیبەجێکارییەکانی هەرێمدا، رۆڵی نوێنەرایەتی بۆ بەغدا بگێرن. چ وڵاتانی ناوچەکەو چ ئەمریکاو غەرب و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەبەرامبەر ئەو گۆرانکارییەی لە عێراقدا روویداوە، پشتیوانی لە حکومەتی مەرکەزی عێراق و هەنگاوەکانی دەکەن. لە ئاستی ناوچەکەشدا پارتی و یەکێتی پێگەی جارانیان لای وڵاتانی ناوچەکە نەماوە. ئەم دۆخە جگە لەوەی پێگەی کوردستانی لە نائارامیەکی سیاسیدا راگرتووە و دەرگای بەرووی دەستێوەردانی دەوڵەتەکاندا واڵاکردوە، هاوکات رەنگدانەوەیەکی سەختی لەسەر دۆخی ئابوری و بژێوی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش داناوە.

لە کوردستاندا بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە ئاستی شەقام و بۆ راماڵینی دەسەڵات و خواستەکانیشیان ئاڵوگۆری بەسەردا هاتووە. خواستی موچەو خزمەتگوزارییەکان و ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکان، بوونەتە خواستی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و بەشێکی ئەم خواستانەش لە بەغدا و دەسەڵاتی ناوەند داوا دەکرێن... پرسی سیاسی و نەتەوەیی خەڵکی کوردستان، لەگەڵ ئەوەدا کە بە رێگاچارەیەک نەگەیشتووەو و وەڵامی وەرنەگرتۆتەوە، بەڵام بەو هۆیەوە ستەمی نەتەوەیی بەسەر خەڵکی کوردستان و بەتایبەتیش لە هەرێمدا نەماوە، خواست و ئیحساساتی نەتەوەیی لەئێستادا کەمرەنگ بۆتەوە. ئەم پرسە زۆرتر لە ئاستی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی و کەرکوک و ناوچە کێشە لەسەرەکاندا ماوە و بەدژی سیاسەتی تەعریب و دەستکاری کردنی دیمۆگرافیای ئەو جێگایانەیە. ئەمەش ئەو راستیە بەرجەستە دەکاتەوە کە نە فیدراڵیزمی قەومی و نە هەرجۆرە رێکەوتنێکی تری لەسەرەوەی نێوان دەوڵەتی عێراق و حزبە ناسیونالیستە کوردییەکان ناتوانێت بە یەکجاری کۆتایی بە کێشەی کورد و دنەدان و رقەبەری قەومی بهێنێت. هەربۆیە چارەسەری ئەم پرسە تەنها بەپێداگری لەسەر گەرانەوە بۆ رای خەڵکی کوردستان مومکین دەبێ.

تایبەتمەندیەکانی ئەم دەورە تازەیە...

هاوڕێیان و ئامادەبوانی کۆنگرە!

ئەم هەلومەرج و دەورە تازەیە، خاوەنی چەندین تایبەتمەندییە. بەجیا لەوەی لە زۆر جێگادا ئاماژەمان بەو تایبەتمەندیانە داوە، بەڵام لێرەدا بە وردتر و تایبەتیتر پەنجەیان دەخەینە سەر:

١/ لە ئاستی دنیاو ناوچەکەدا، رۆشنتر جەمسەرەکانی هێز ودەوڵەتانی ئیمپریالیستی وناوچەیی دەرکەوتوە و ناوەرۆک و کارنامەی سیاسی دژە ئینسانیان ئاشکرابوە. زیاتر ماهیەتی ئینسانکوژی وکاولکاری وبەگیروگازگرتنی ژیان وبژێوی و ئەمنیەتی کۆمەڵایەتی ملیۆنەها ئینسان وژێر پێنانی مافە سەرەتاییەکانیان، لەلایەن سەرجەم رەوتەکانی چینی بۆرژوازیەوە بۆ جەماوەر ئاشکراتربووە. بەدیاریکراویش جەنگ لە ئۆکرانیا و جەنگی ئیسرائیل بۆ سەرغەززە، ئەم راستیەی سەلماند وبەرۆشنی نیشانیدا کەوڵاتانی زلهێزی دونیا وهێزە ناوچەییەکان وهەموو ئەو رەوتە بۆرژوازیانەی دەوردەگێرن، چ تاوانکاریەکیان روبەرووی کۆمەڵگای بەشەری کردۆتەوە وجیهانیان رووبەرووی چ کارەساتێک کردۆتەوە. لەم نێوەشدا واقعیەتی دیموکراسی و "جیهانی ئازاد و شارستانی" دەوڵەتانی رۆژئاوا، لەهەرکاتێک زیاتر ناوەرۆکی دژە ئینسانی خۆی دەرخستوە وهەمو ئەمانەش دەرگای لەبەردەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسیە رادیکاڵ و ئینسانی و چەپ و کۆمۆنیست و شۆرشگێرەکاندا کردۆتەوە، تا رۆڵی دەخاڵەتگەرانەو چارەنوسساز بگێرن.

٢/ سەرباری جەنگ و جەنگە بەوەکالەتەکانی ئێستای چەندین جێگای دنیا، رەوەندی ئارامیەکی رێژەیی لەئاستی دنیا و بەتایبەتی لە ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، بە ئاقاری فەراهەمکردنی زەمینەیەکی باشتر بۆ سەرمایەگوازری و کەڵەکەی سەرمایە، ئاراستەیەکی زاڵە. رێگەگرتن لە پەرینەوەی جەنگەکان و فراوانبوونیان و رێگەگرتن لە تەنینەوەیان بەئاشکرا لە هەوڵی جەمسەرە جیهانی و بلۆکە ناوچەییەکان و دەوڵەت و وڵاتەکانی دنیادا دەبینرێت.

٣/ ئەم هەلومەرجە تازەیە و گێرانەوەی هەر رادەیەک لە ئارامی سیاسی لە ئاستی کۆمەڵگەدا ئاستی چاوەروانی ئینسان دەباتە سەرەوەو هەلومەرجی لەبارتر بۆ خەباتی چینایەتی و زەمینەی باشتر بۆ هێز و بۆ هەڵسورانی چەپ و

کۆمۆنیستەکان فەراهەم دەکات.

٤/ ئارادەیەکی زۆر ڕەوتی گێڕانەوەی ئارامی و سەقامگیری لەئێستای عێراقدا دەبینرێت، هەوڵەکانی بۆرژوازی عێراقی بۆ چوارچێوە بەخشین بە دەسەڵاتی دەوڵەتی و قوتبیکردنەوەی لە ناوەند و ئیحتیواکردنی ئاستەنگەکان و ڕێگرییەکانی و کۆتاییهێنان بە حزوری سەربازی ئەمریکا، ئاڵوگۆڕێکی بەرجەستەیە. بەتایبەتی کە عێراق لە جەنگی کەنداو لەساڵی ١٩٩١وە بوە گۆڕەپانی یەکلایی کردنەوەی ململانێی بلۆکە جیهانیەکان و جەمسەرە ناوچەییەکان بووە. ئەم ڕەوتە ڕووی لە گێڕانەوەی رادەیەکی زۆر لە ئارامییە بۆ تەواوی ناوچەکەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

٥/ ئەم هەلومەرجە نوێیە و گێڕانەوەی هەر رادەیەک لە سەقامگیری و ئارامی و مەرکەزیبوونەوەی دەسەڵات لە ئاستی عێراقدا و دوبارە بەسترانەوەی بەکردەوە و فەرمیی کوردستان بەدەوڵەتی عێراقەوە، لەگەڵ ئەوەدا کە ڕێگاچارەیەکی بۆرژوازییە، بەڵام کۆمەک بەوە دەکات بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان لە چوارچێوەیەکی پێناسەکراوتر و باشتر و لە دۆخێیکی ئارامتردا بەدوای نەخشەو ئەجنداکانی خۆیانەوە بن، ئەمەش زەمینەیەکی لەبارتر بۆ خەباتی جەماوەری و بەرەوپێشبردنی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری دەرەخسێنێ.

٦/ هاوخەباتی و هاوچارەنووسی چینی کرێکاری عێراق و کوردستان زەمینەی بەرامبەرکێی چینایەتی لەئاستی سەرتاسەریی عێراقدا دەرەخسێنێ. هەر بەو مانایەش ئەرکی کۆمۆنیستەکان بۆ سازدان و ڕێکخستن و رابەریکردنی خەباتی چینایەتی لەپێناو شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاردا یەکدەخات. کۆمۆنیزم لە عێراقدا پێویستی بەوەیە ڕێکبخرێتەوە و پێوستی بە حزبێکی کۆمۆنستی پتەوە کە ئاوێزان بێت بە خەباتی چینی کرێکارەوە.

٧/ لەئاستی کوردستاندا، لەگەڵ ئەوەدا کە بزوتنەوەیەکی فراوانی ناڕەزایەتی جەماوەری لەئارادایە، بەڵام هێشتا ناهاوئاهەنگ و یەکپارچەو سەراسەری نیە. بزوتنەوەی ناڕەزایەتی مامۆستایان و مامۆستایانی وانەبێژ و مووچەخۆران بۆ موچەو خزمەتگوزاریەکان نمونەیەکی بەرجەستەیە لەم بزوتنەوە جەماوریە کەتەعبیرە لەنەفرەت و خواستی ڕاماڵینی دەسەڵات.. دۆخی تازە بەجیا لە مانەوەی ناڕەزایەتی و خواستی ڕاماڵینی دەسەڵات و بە نیشانەگرتنی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، هاوکات ئاراستەی بزوتنەوەی داخوازییەکان بەجیا لە دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کورد ڕوودەکاتە دەسەڵاتی ناوەندیش، بەتایبەتی کە ناسیونالیزمی کورد و پارتی و یەکێتی توانایی دارایی و ئابوری و بڕیاری سیاسییان بەشیوەیەکی گشتی لە پرۆسەیەکدا لێدەسەندرێتەوە.

کەوایە ئەم کۆنگرەیە هەڵگرێ چ ئاراستەو پەیامێکە؟

ئەم هەلومەرج و پرۆسەی ئاڵوگۆڕە بناغەییە لە ئاستی دنیاو ناوچەکەو عێراق و کوردستاندا، پێویستی بە دەرکەوتنی کۆمۆنیزمی کرێکاری و حزبی ئەم ڕەوتەیە لە جوڵانەوەی کرێکاریدا، کە بەوێنەی حزبی خوازیاری دەسەڵاتی سیاسی خۆی نیشان بدات و پراکتێکی سیاسی حزب لە هەموو زەمینەو مەیدانەکانی خەباتی چینایەتیدا، بۆ ئەم مەبەستە، ئاراستە بکات... لە یەک ڕستەدا خۆنواندنی کۆمۆنیزمی کرێکاری وەکو حیزبێکی سیاسی خوازیاری دەسەڵات... پەیام و ئاراستەی کۆنگرەیە.

تایبەتمەندیەکانی حزبێکی خوازیاری دەسەڵات، لە حزب و لەم کۆنگرەیە دەخوازێت کە رابەری بەوێنەی رابەرێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەخاڵەتگەر و ئومێدەوار، ماکزیمالیست و میلیتانت، لەئاستی کۆمەڵگەدا دەربکەوێت. حزب وەکو بەشێک لە بزوتنەوەیەکی گەورەتری کۆمەڵایەتی دژە سەرمایەداری لە مەیدانی سەراسەریدا و لە پەیوەند بە کێشەو گرفتە سەرەکی و بناغەییەکانەوە، ململانێ لەگەڵ دەسەڵات و ڕەوتە بۆرژوازیەکان بکات. واتە لە مەیدانی سیاسەتی سەراسەریدا ململانێ لەگەڵ دەسەڵات بکات و نوێنەرایەتی ڕزگاری چینی کرێکار و بێبەشەکانی کۆمەڵگە و ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی بکات.

حزبی کۆمۆنیست پێویستی بەوەیە چۆن ڕێکخستن لە شارو شارۆچکەکان، لە کارگەو گەڕەک و ناوەندەکاندا دروست دەکات، و لە ڕێکخراوە جەماوەریەکاندا فراکسیۆنی خۆی سازدەدات، لە بزوتنەوە ناڕەزایەتیەکاندا ڕۆڵ دەگێڕیت... ئاواش پێویستە لەناو جەرگەی شار و فەزای گشتیدا، رابەرییەکەی و شەخسیاتەکانی ئامادەییان هەبێت، بەشێوەیەک کە کۆمەڵگە ببیبنێت و متمانەی پێبکات و توانای دەستڕاگەیشتن بەو کۆمۆنیزمەی هەبێت.

واتە دەبێت لە مەیدانی نەبەردی چینەکان لەسەر کێشە سەرەکیەکانی کومەڵگە، ئامادەیی هەبێت و ململانێ بۆ گرتنی دەسەڵات بکات و ببێتە لایەن و جەمسەرێکی ململانێ لەگەڵ هێزە سەرەکیەکانی دەسەڵاتدا. حزبێک بۆ ئەوەی لەو ڕێگایەدا پێشڕەوی بکات، بەجیا لە رابەری لە ئاستی کۆمەڵگەدا، پێویستی بە ریزێک لە کادری سیاسی و ئومێدەوار و بەرچاوڕۆشن هەیە، پێویستی بە ئەندامانی ئامادەبەکار هەیە، تا پەروەردەیان بکات و ئاستی سیاسی و فکری و تواناییەکانیان بەرەو سەر ببات و کادرسازی بکات.

دەستبردن بۆ کاری ڕاستەوخۆی کۆمۆنیستی، بەوێنەی کۆمۆنیست لە بزوتنەوە کرێکاریەکاندا، لە بزوتنەوە ناڕەزایەتیە جەماوەرەیەکاندا، لە کۆڕو کۆبونەوەی گەڕەک و شەقامەکاندا، لە شوێنی کارو ژیاندا، هەراسازکردن و بەدەستەوەگرتنی کەیسی گرنگ، تا دەگات بە ئامادەیی لە دیبەیت و ڕەخنەی ماکزیمالیست لە بیروباوەڕی زاڵ و بەشداری لە جموجوڵە فکری و تیۆریەکاندا. وە پێویستە ئەم حزبە لەسەر پرسە چارەنووسسازەکان و لە ململانێ لەگەڵ بۆرژوازی کورد و ڕەوتە

سەلەفی و ئیسلامیەکاندا، بەوێنەی نوێنەری ئازادیخوازی و مۆدێرنیزم دەربکەوێت و بچێتە بەرامبەرکێی کۆمەلایەتی لەگەڵیاندا. بەکورتیەکەی کۆمۆنیزم پێویستی بەوەیە بەوێنەی رەوتێکی هێرشبەر و رەخنەگر و ئاڵوگۆڕبەخش دەربکەوێت. هێز لە کۆمەڵگە و میکانیزمەکانی وەربگرێت. حزب دەبێت بەدوای ئەم کۆنگرەیە لە هەولێ ئەوەدا بێت لەنێو هاوکێشەی سیاسیەکاندا پێگەی چینایەتی وکۆمەلایەتی خۆی بەدەستبهێنێ.

جیا لەوانە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بە هاوبەشی لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و حکمەتیست- خەتی رەسمی، پێویستی بەوەیە دەست پێشخەر بێت لە دروست کردن و پێکهێنانی بلۆکێکی ئینسانی رادیکاڵ و چەپ و ئازادیخواز، لە هەڵسوڕاوان و کەسایەتیە بەرجەستە و ناسراوەکان و رابەرانی نەقابەو بزوتنەوەی کرێکاری و جەماوەریەکان... لە ئاستی ناوچەکەو دنیادا، بەوێنەی جەمسەرێک کە دەخاڵەت و رۆڵی خۆی لەئاستی جیهانیدا لە پرس و کێشەو مەسەلەکانی دنیای ئێستادا، بەشێوەی رێکخراو و ئامانجدارانە، بگێرێت.

بەکورتی ئەم کۆنگرەیە هەڵگری پەیام و ئاراستەیەکی دیاریکراوە، کۆنگرەی دەرخستنی حزبە بەوێنەی حزبێکی سیاسی خوازیاری دەسەڵات و بەدەستەوە گرتنی سیاسەت و نەخشەو پراکتیکی کۆمۆنیستی بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم پەیام و ئاراستەیە.

هیوادارام لەم دوو رۆژەی کۆنگرەدا، هەموان، بەگیانێکی خەباتکارانەو هاورێیانەوە، بۆ بەدەستهێنانی ئینسجامی سیاسی و یەکپارچەیی حیزب لەراستای ئەم پەیامەدا دەخاڵەتی لیبراوانە بکەین ..

سەرکەوتوبێت کۆنگرەی شەشەمی حیزب

★

# بڕیارنامە سەبارەت بە؛
# بارودۆخی سیاسی و سەرخەتی سیاسەتەکانی حزب

- دوای زیاتر لە سی دەیە سەرگەردانی و گێژاوی سیاسی، کوردستان پێی ناوەتە قۆناغێکی تازەوە. دەورەی پێشوو کە بە جەنگی ئەمریکا لەدژی عێراق لە ساڵی ١٩٩١ و لە درێژەی ئەو پرۆسەیەشدا راپەرینی ئازار و پاشان هاتنەکایەوەی "ناوچەی ئارام" دەستپێیکرد، بەکۆتایی گەیشتوە. لەو قۆناغەدا کوردستان بەکردەوە لە عێراق دابڕا بەبێئەوەی وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆ دانپێدابنرێت. ئەم دۆخە ژێرخانی ئابوری و بنەماکانی ژیانی مەدەنی لەبەریەک هەڵوەشاند، دەسەڵاتی حزبە بۆرژوازی و بنەماڵەییەکانی بەسەر کۆمەڵگە و موقەدەراتی خەڵکدا داسەپاند و بووە مایەی پاشەوپاشگێرانەوەی کۆمەڵگە.

- لەماوەی ئەم ٣٣ ساڵەدا حزبە نەتەوەپەرستەکانی کوردایەتی لەچوارچێوەی ئەو سیستمی دیموکراسی پەرلەمانیەی کە دیاری جەنگی ئەمریکا بوو بۆ خەڵکی عێراق و کوردستان، دەسەلاتێکی سەرکوتگەری میلیشیاییان داسەپاند و مەسەلەی کوردیان بەچارەسەرنەکراوی هێشتەوە. ئەم حیزبانە بە جەنگی ناوخۆ و ملهوری چەکدارانە ئاسایش و ئارامیان لە خەڵک هەڵگرت و بەهەزارن رۆڵەی خەڵکیان کوشتار یان بێسەروشوێن کرد؛ ئازادیە سیاسیەکانیان سەرکوتکرد و هەڵسوڕاوانی سیاسی نەیاری دەسەڵات و رۆژنامەنوسانیان تیرۆرکرد؛ کۆمەڵگەیان نوقمی بێکاری و بێدەرەتانی و نەداری کرد؛ خەڵکیان لە سەرەتاییترین خزمەتگوزاری و پێداویستیەکانی ژیانی رۆژانە بێبەریکرد؛ دابونەریتی دواکەوتووانەی ئیسلامی و پیاوسالاریان دەرهەق بە ژنان پیادەکرد و بەهەزاران ژن بە بەهانەی پیسی ناموسپەرستی تیرۆرکران؛ کۆمەڵگەیان نوقمی نائومێدی و بێچارەیی کرد و لە ئاکامدا سەدان هەزار کەس، بەتایبەت لاوان، ناچارکران رێگای پرمەترسی کۆچ بەرەو هەندەران بگرنەبەر. ئەوان بەمجۆرە ئەزمونێکی شکستخواردووی حوکمرانییان نمایشکرد.

- قۆناغێکی تازە، کە لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی دژی داعش و رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ و پەیداکردنی باڵادەستیی حکومەتی عێراق لەبەرامبەر دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتی دەستی پێکردبوو، لە ئێستادا بەئەنجام گەیشتووە. لە ئەنجامدا کوردستان بەکردەوە بووەتەوە بەشێک لە عێراق و گەڕاوەتەوە ژێر رکێفی دەوڵەتی مەرکەزی. ئەم ئاڵوگۆڕە هەلومەرجێکی تازەی هێناوەتەکایەوە کە کاریگەری لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی دادەنێت و بزوتنەوەی کرێکاری و جەماوەری پێدەنێتە قۆناغێکی تازەوە.

- مەسەلەی کورد وەکو گرێیەکی ئاڵۆسکاوی سیاسی لەعێراقدا بەچارەسەرنەکراوی ماوتەوە. پێشێنەی ستەمی میللی و پێشێلکردنی ئیرادەی خەڵکی کوردستان بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنوسی سیاسیان، بنەمای نیگەرانیی ئەم خەڵکەیە لە گەڕانەوەی ستەمی نەتەوایەتی و سەپاندنەوەی پێگەی هاوڵاتی پلەدوو بەسەریاندا. ئەمانە لەگەڵ پەرەدانی ئەحزابی نەتەوەپەرستی کوردایەتی بە دەمارگیری قەومی، بنەماکانی ئێستای ئەم کێشەیەن. فیدرالیزمی قەومی کە وەکو رێگاچارەی مەسەلەی کورد ناوزەدکراوە، لەلایەکەوە فۆرمێکە بۆ شەریکردنەوەی بۆرژوازی کورد لە دەسەڵات و زاڵکردنیان

⇐ بەسەر موقەدەراتی خەڵکدا، لەلایەکی ترەوە هۆکارێکە بۆ پەرەپێدان و قوڵکردنەوەی ناکۆکی و دووبەرەکی قەومی لەنێوان خەڵکی کوردزمان و عەرەبزماندا.

– بورژوازی کورد ڕۆڵی گەورەی هەیە لە بێچارەسەرمانەوەی مەسەلەی کورد. لەدەیان ساڵی ڕابردودا نیشانیداوە کە هیچکات بەدوای چارەسەری بنەڕەتیی ئەم کێشەیەوە نەبووە، بەڵکو هەمیشە بەکاریهێناوە بۆ گەیشتن بە مەرامی شەریکبونەوە لە دەسەڵاتدا. لەم ٣٣ ساڵەدا کە بورژوای کورد حوکمڕان بووە، گەلێک دەرفەتی گەورە هەبووە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، بەڵام ئەو سەلماندی کە نایەوێ ئەم کێشەیە چارەسەر بکات و تەنانەت توانای بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەشی نیە. لەسایەی دەسەڵاتی ئەواندا کومەڵگەی کوردستان بەتەواوی ئیفلیج بوو.

– هەلومەرجی تازەی کوردستان لەبنەڕەتدا بەرئەنجامی بارودۆخی سیاسی تازەی جیهان و ناوچەکەیە. شکستی سیاسەتی لەشکرکێشی و جەنگخوازانەی ئەمریکا و ئاراستەی بەرەوکۆتایی چوونی ئەو شەڕانەی چەندین ساڵە باڵیان بەسەر ناوچەکەدا کێشاوە، لەئاستی جیهانیدا هەوڵی ئەمریکای بۆ شکڵدان بە نەزمێکی تاکجەمسەری ناکام کردەوە و ئێستا دنیای چەند جەمسەری بووەتە ئەمری واقع. لەئاستی ناوچەکەشدا ئەمە هێزهاوسەنگییەکی تازەی هێناوەتەکایەوە، کە لەسایەیدا حکومەتی مەرکەزی دەرفەتی ئەوەی پەیداکردوە هەژموونی خۆی بەسەر هەمو جوگرافیای عێراق، بە کوردستانیشەوە، بسەپێنێ و لەڕووی سیاسی و ئابوریەوە حزبە بورژوازیە کوردەکان ناچار بکات ملیپێبدەن.

– شکستی میلیتاریزمی ئەمریکا و پاشەکشەی لە ناوچەکە، هەروەها ڕەوتی ڕوو لەکۆتایی ئەو جەنگانەی باڵیان بەسەر ناوچەکەدا کێشاوە، کابوسی شەڕ و سیناریۆی کارەساتباری کوشت و کوشتاری قەومی و مەزهەبی دەڕەوێنێتەوە و ملهوڕی میلیشیاکان بەرەو پەراوێز پاڵپێوەدەنێ. ئەمەش بوار بەڕووی شەفافبونەوەی ناکۆکی و گەشەی خەباتی چینایەتی و بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە عێراق و کوردستان ئاوەڵا دەکات.

– دوای دەیان ساڵ جەنگ و وێرانکاری، ئیتر ناوچەکە لەڕوانگەی بەرژەوەندی و قازانج و کەڵەکەی سەرمایەوە پێویستی بە دەورەیەک لە ئارامی و ئاسایش هەیە، بۆیە ڕەوتی سەرەکی بارودۆخەکە ڕووی لەوەیە دەورەیەک لە سەقامگیری سیاسی و ئاسایش بۆ کەڵەکەی سەرمایە لە ناوچەکە فەراهەم ببێت.

– سەقامگیری سیاسی بەمانای کۆتاییهاتنی کێشمەکێش و ناکۆکیەکان نیە. لەسایەی نەزمی چەند جەمسەری تازەی جیهاندا، لەئاستی ناوچەکە و جیهانیشدا کێشمەکێشی جەمسەرەکان لەسەر ناوچەی نفوز و بەرژەوەندیە ستراتیژیەکانیان درێژەی دەبێت. جەنگی ئیسرائیل لەدژی خەڵکی فەلەستین بەپشتیوانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی، جەنگی ئۆکرانیای نێوان ناتۆ و ڕوسیا، هەروەها پێکدادان و بەرامبەرکێکانی دیکەی جەمسەر و هێزەکان، نمونەکانی ئەم کێشمەکێشانەن کە هێز و جەمسەرەکان لەڕوانگەی بەرژەوەندی خۆیانەوە دەخاڵەتیان تێدادەکەن و تارمایی جەنگ لەسەر جیهان و ناوچەکە ئەهێڵنەوە.

– سێ دەیەی ڕابردوو دەورانی لە محەکدانی هێزە بورژوازیە قەومی و ئیسلامیەکان بوو، هەم لە کوردستان و هەم لە عێراق، کە هەوڵیاندا بەناوی مەزهەب و کوردایەتی و عروبەوە، لەپێناو مەرامی کۆنەپەرستانەدا دوبەرەکی بخەنە ناو جەماوەری خەڵکەوە، بەڵام بە کارکرد و دەسەڵاتی دەیان ساڵەیان سەلماندیان کە ئاوات و ئامانجە ئینسانیەکانی خەڵک هیچ جێگایەکیان لە کارنامەی ئەواندا نیە. ئیتر جەماوەری خەڵک لەئاستێکی فراواندا لەوە تێپەڕیون کە ئاوات و ئامانجەکانیان ببەستنەوە بە حکومەتی کوردی یان دەسەڵاتی شیعە و سوننەوە. تەنانەت لەئاستی عێراق و کوردستاندا بزوتنەوەیەکی جەماوەریی فراوان لەپێناو ئازادی و خۆشگوزەرانی لەدژی ئەم حکومەت و بزوتنەوانە بەرپابووە و تا ئاستێکی زۆر ڕەوتە قەومی و دینیەکانی تەریکخستوەتەوە.

– ئەم بارودۆخە تازەیە و گرێخواردنەوەی کوردستان بە عێراقەوە، چوونیەکی دەبەخشێت هەم بە هەلومەرج و گرفت و کێشە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشی کوردستان و عێراق، هەم بە داخوازی و ئامانجەکانیان. ئەمەش دەبێتە بنەمای بەهێزبونی گیانی هاوخەباتی و هاوچارەنوسی نێوانیان و قەوارەگرتنی ڕیزێکی یەکپارچە لەسەرووی ناسنامە دروستکراوە قەومی و مەزهەبیەکانەوە لەدژی دەسەڵاتی ئەم ڕەوتانە.

– لایەنێکی بەرجەستەی بارودۆخی ئێستا پەرەگرتنی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێشە لەئاستی ناوچەکەدا: لە ئێرانەوە تا ئەفغانستان، لە عێراقەوە تا لوبنان و تا کوردستان، بزوتنەوەیەک کە هیچ مۆرکێکی قەومی و مەزهەبی پێوە نیە، بزوتنەوەیەک کە ڕاستەوخۆ لەپێناو نان و خۆشگوزەرانی و ئازادی و ئەمنیەتدایە. ئەم بزوتنەوەیە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی ئەم وڵاتانەی لەسەرووی ناسنامە قەومی و مەزهەبیەکانەوە خستوەتە سەنگەرێکی هاوبەشەوە. ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کە پرۆژەی بەقەومیکردن و بەمەزهەبیکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەلایەن خەڵکەوە ڕەتکراوەتەوە و لە جێگایدا خەریکە گیانی هاوپشتی پەرەدەسێنێت.

لەسەر بنەمای ئەوانەی لەسەرەوە باسکران، لەجەرگەی بارودۆخی ئێستادا حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان تێدەکۆشێت لەپێناو پەرەدان بە خەباتی سۆسیالیستی چینی کرێکار و بردنەسەری ئامادەیی ئەم چینە بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی کرێکاری و ⇐

دامەزراندنی سۆسیالیزم. بۆ ئەم مەبەستەش خەبات دەکات بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی حزبە بورژوازیەکانی کوردستان، لەڕێگای ڕێکخستن و پەرەپێدانی خەباتی چینی کرێکار و بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری تا ئاستی بزوتنەوەیەکی سیاسی شۆڕشگێڕانە و رابەریکردنی کۆمەلگا و تیپەڕاندنی بەناو دەورەیەک لە ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانەدا، کە ئامانج و خواستە دەمودەستەکانی ئەم بزوتنەوەیە دەستەبەربکات و چینی کرێکار بخاتە پێگەیەکی بەهێزترەوە بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی کرێکاری. لەهەمانکاتدا کێشەی کورد بەشێوەیەکی سیاسی و ریشەیی چارەسەر بکات. لەسەر ئاستی عێراقیش حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان هاوشان لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق خەبات دەکات بۆ کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی رەوتە قەومی و مەزهەبیەکان و بەئەنجام گەیاندنی شۆڕشی کرێکاری. لەم پێناوەدا سەرخەتی سیاسەتەکانی حزب بریتین لە:-

- بەرجەستەکردنەوەی حزب وەکو حزبێکی سیاسی کۆمۆنیستی میلیتانت و دەخالەتگەر و ئۆپۆزیسیۆنی رادیکاڵ و شۆڕشگێڕی دەسەڵاتخواز و رەخنەگری چینایەتی و سۆسیالیستی کە خەبات دەکات بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی حزبە بنەماڵەیی و میلیشیاییەکان و بەرپاکردنی دەسەڵاتی کۆنگرەی سەراسەی نوێنەری شوراکانی خەڵکی کوردستان.

- چارەسەری مەسەلەی کورد لەڕێگای گەڕانەوە بۆ ڕای خەڵکی کوردستان بۆ بریاردان لەسەر مانەوە لە چوارچێوەی عێراقدا، بەدەستەبەرکردنی مافی یەکسانی خەڵکی کوردزمان لەگەڵ باقی دانیشتوان، یان جیابونەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ. نە ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد و نە دەوڵەتی مەرکەزی بۆیان نییە لەسەرووی ئیرادەی خەڵکەوە بریار لەسەر ئەم مەسەلەیە بدەن. تا کاتێک کە دەرفەت دەرەخسێ بۆ ئەم ڕێگاچارەیە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان پێداگری دەکات لەسەر پێویستی غەیرە قەومی و غەیرە مەزهەبیبوونی دەوڵەتی مەرکەزی و دەستەبەرکردنی سەرجەم مافە سیاسی و مەدەنیەکانی خەڵکی کوردزمان و یەکسانی تەواویان لەگەڵ باقی دانیشتوانی عێراقدا.

- ڕێکخستنی بزوتنەوەی کرێکاری و نارەزایەتیە کرێکاریەکان چ لەئاستی کارگەیی و چ لە ئاستی سەراسەریدا لەدەوری داخوازی و شێوەی گونجاوی خەبات و ڕێکخراوبوون. هەوڵدان بۆ هاوئاهەنگکردنی رابەرانی کرێکاری، بەهێزکردنی پێگەی مەیلی سۆسیالیستی و یەکگرتووکردن و ئاسۆدارکردنی ئەم مەیلە لەناو بزوتنەوەی کرێکاریدا.

- ڕەتکردنەوەی فیدرالیزمی قەومی و پەردەهەڵماڵین لەسەر رووی وەکو مۆدێلێکی سیاسی بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتی میلیشیایی و داسەپاوی حزبە بۆرژوازیەکانی کوردستان بەسەر ئیرادەی خەڵک و پەرەدان بە دووبەرەکی و ناکۆکی قەومی لەنێوان خەڵکی کوردزمان و عەرەبزماندا.

- دەخالەتی سیاسی کارساز لە بەرامبەرکێ و کێشمەکێشەکانی ناوچەکە، لەبابەت مەسەلەی فەلەستین و بزوتنەوەی سەرنگونی جمهوری ئیسلامی و بزوتنەوەی نارەزایەتی لە وڵاتانی ناوچەکە، لەڕوانگەی بەرژەوەندی چینی کرێکار و خەڵکی ئازادیخوازەوە.

- ڕێکخستن و رابەریکردنی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری دژی گوشارە ئابوریەکان و گرانی و بێدەرەتانی و سیاسەتی باجگیری و بێکاری و نەدانی موچە و نەبونی خزمەتگوزاریەکان و...تاد، لەدەوری داخوازییە گشتی و سەراسەریەکان. یەکگرتووکرن و هاوئاهەنگکردنی هەڵسوراوان و رابەرانی ئەم بزوتنەوەیە لە قەوارەیەکی ڕێکخراوەیی جەماوەریی گونجاودا، کە هەم ڕیزی ئەم بزوتنەوەیە ڕێکخراو بکات و هەم رابەرایەتیەکی سەراسەری و شۆڕشگێڕی بۆ دابین بکات.

- پەردەهەڵماڵین لەسەر خەسڵەتی چینایەتی و کۆنەپەرستانەی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوازی و ئەو رەوتانەی بانگەشە بۆ چاکسازی وریفۆرم دەکەن، کە دەیانەوێ وەهمی چاکسازی بکەن بە ئاسۆی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، بەمجۆرە دەیانەوێ جەماوەری خەڵک دووچاری خۆشباوەڕی بکەن و بزوتنەوەی نارەزایەتی بەرەو هەڵدێربەرن.

- وەستانەوە دژی کۆنەپەرستیی رەوتە ئیسلامیەکان و دابونەریتی کۆنەپەرستانەیان. بەشکستکێشانی هەوڵی ئیسلامیزەکردنی کۆمەڵگەی کوردستان، بەتایبەت پەلەقاژەیان بۆ بە کۆیلایەتی و پلەدوویی هێشتنەوەی ژنان. بەرگری پەیگیرانە لە ئازادی ژنان و مافی یەکسانیان لەگەڵ پیاواندا. بەرگری لە ئاوات و ئارەزووەکانی لاوان و فەرهەنگ و دابونەریتی یەکسانیخوازانە و مۆدێرن.

- پتەوکردن و بەهێزکردنی پێگەی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاریی لە عێراق، بەتایبەت پەرەپێدانی هاوخەباتی لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و پێکەوە کارکردن بۆ بەهێزکردنی گیانی هاوخەباتی و هاوچارەنوسی لەنێوان چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشی کوردستان لەگەڵ چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێشی عێراق لەدەوری خواست و ئامانجە هاوبەشەکانیان. یەکگرتوکردن و یەکدەستکردنەوەی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەریی کوردستان و عێراق لەپێناو ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێرانەی سەراسەری بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی قەومی-ئیسلامی و دامەزراندنی دەوڵەتی کۆنگرەی سەراسەی نوێنەرانی شوراکانی خەڵکی عێراق.

-پشتیوانی پەیگیرانە لە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە وڵاتانی ناوچەکە. یارمەتیدانی رەوتی ڕێکخراوبون و ئاسۆداربون و پەرەپێدانی ئەم بزوتنەوەیە و بەهێزکردنی گیانی هاوپشتی و هاوچارەنوسی لەنێوان چینی

کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش لە ناوچەکەدا.

- دەخاڵەتی پەیگیرانە لە کێشمەکێش و رووداوە گرنگە جیهانیەکانی هەناوی ئەم بارودۆخە تازەیە و نەزمی چەند جەمسەریدا، لەڕوانگەی بەرژەوەندی چینی کرێکار و بەشەریەتی ئازادیخوازەوە. پشتیوانی لە بزوتنەوە کرێکاری و پێشکەوتنخوازەکان و هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی گیانی هاوخەباتی و ئەنتەرناسیۆنالیزمی کرێکاری لەئاستی ناوچەکە و جیهاندا. خەبات بۆ شکڵدان بە جەمسەرێکی رادیکاڵ و ئازادیخواز لەئاستی جیهاندا. پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ یەکیتیە کرێکاریەکان و ئەو هێزە چەپ و سۆسیالیست و ئازادیخوازانەی کە لەڕوانگەی ئازادیخوازی و هەست بە بەرپرسیارێتیەوە دەخاڵەت لە پێشهاتەکانی جیهان دەکەن.

کۆنگرەی شەشەم سەرنجی رابەران و کادرانی حزب بۆ ئەم ئەرکە چارەنوسسازانە رادەکێشێت کە ئەم بارودۆخە تازەیە دەیخاتە سەرشانی حزب. هەروەها کۆمیتەی ناوەندی پابەندەدەکات بە راوەستانی پەیگیرانە لەسەر ئەم سیاسەتانە و راپەراندنی هەموو ئەو ئەرکانەی کە لەسەر بنەمای ئەم بڕیارنامەیە لە ئاستە جیاجیاکانی تێکۆشاندا دەکەوێتە ئەستۆی حزب. کۆنگرە هەموو کادران و ئەندامان بانگەواز دەکات بۆ بەشداریەکی شێلگیرانە لە خەباتێکی یەکپارچە و هەمەلایەنە بۆ بەرەوپێشبردنی سیاسەتەکانی حزب.

★

# حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان: ئاڕاستە و ئەرکەکانمان

ئاراستەکان:

١/ فەلسەفەی بوونی هەر حزبێکی سیاسی، بۆرژوازی بێت یان کرێکاری، پرسی دەسەڵاتی سیاسیە. خاسیەت و کاراکتەری حزبی سیاسی، سەربەخۆ لەوەی بچووکە یان گەورەیە، نفوزی جەماوەری لاوازە یان فراوان، لەکام هەلومەرجی سیاسیدا هەڵسوڕانی سیاسی دەکات، جا چ هەلومەرجی سیاسی ناشۆرشگێرانە بێت یان هەلومەرجی شۆرشگێرانە، ئەوەیە کە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی تێدەکۆشێت. بەڵام میکانیزمی بەدەسەڵات گەیشتنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، پشت بە رێکخستن و ئامادەکردنی سیاسیی چینی کرێکارو جەماوەری بێبەش و ستەملێکراوی کۆمەڵگا بە ئاراستەی گۆڕینی دۆخی سیاسی بۆ دۆخێکی شۆرشگێرانە دەبەستێ، کە جەماوەری چینی کرێکار و زەحمەتکێش بەکردەوەی شۆرشگێرانەو لەژێر رابەری حزبی سیاسی کۆمۆنیستیدا دەسەڵاتی دەوڵەتی بۆرژوازی دەروخێنێ و دەسەڵاتی حکومەتی کرێکاری لەجێگایدا دادەنێت.

٢/ مەبەست لە دەسەڵاتی سیاسی، تەنها ئەو ساتە نیە کە حزبێکی سیاسی کۆمۆنیستی بەکردەوە دەسەڵاتی سیاسی لە دەستی بۆرژوازی دەردەهێنێ و دەسەڵاتی دەوڵەتیی خۆی دادەمەزرێنێ. پرسی دەسەڵاتی سیاسی و حزبی خوازیاری دەسەڵاتی سیاسی مانای ئەوەیە کە ئەم حیزبە لە یەکەم رۆژەکانی هەڵسورانی سیاسیەوە هەوڵدەدات بۆ بردنەسەرەوەی تواناکانی حزب لە هەموو ئاستەکانی خەباتی چینایەتیدا، رابەریەکەی هەررۆژەو هەرساتە تێدەکۆشێت بۆ بەهێزکردنی پێگەو کاراکتەری سیاسی و کۆمەڵایەتیی حیزب و گۆڕینی هاوسەنگی هێز و دەرکەوتن لە مەیدانەکانی خەباتدا لەدژی بۆرژوازی، هەروەها لە پەیوەند بە چارەنووس و مەسەلە سەرەکییەکانی کۆمەڵگاوە ئەو نوێنەرایەتی بەرژەوەندی زۆرینەی کۆمەڵگا دەکات و وەک رێکخەر و رابەری خەباتی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش دەردەکەوێت. بەواتایەکی تر هەموو هەنگاوەکان و ستراتیژ و تاکتیکە سیاسیەکانی حزب، پێبەپێی بەرەوپێشچوونی چالاکی و هەڵسوران و نفوز و کاریگەری سیاسی لەناو کۆمەڵگادا، بەو ئاراستەیەیە کە حزب لە گرتنی دەسەڵاتی سیاسی نزیک دەکاتەوە. ئەمەش بەمانای ئەوەدێت کە تەنانەت بەر لە گرتنی بەکردەوەی دەسەڵاتی سیاسیش، ئەم حیزبە لەناو هاوکێشە سیاسیەکانی کۆمەڵگا و بەرامبەر بە حزب و بزوتنەوە ئەسڵیەکانی بۆرژوازی جێگاوپێگەیەکی سیاسیی بەرچاو و کاریگەری هەیە. حیزبێکی لەمجۆرە توانای کاریگەریدانانی هەیە لەسەر رەوتی ململانێ سیاسیەکان و دیاریکردنی ئاراستەی رووداوە سیاسیەکان، توانای هەڵخراندنی جەماوەری و پووچەڵکردنەوەی سیاسەت و هەنگاوە سیاسیەکانی بۆرژوازی و دەسەڵاتی دەوڵەتی بۆرژوازی هەیە.

٣/ حزبی سیاسی کۆمۆنیستی، دەبێ خاوەنی ستراتیژێکی سیاسی و عەمەلیی رۆشن بێت، هەروەها بەپێی پلانێکی روون و قۆناغبەندی ستراتیژی خۆی بەرەوپێش ببات. دیاریکردن و ناسینەوەی کاراکتەری حزب لە قۆناغەکانی بەرەوپێشبردنی ئەم ستراتیژەدا، نەک هەر مەرجێکە بۆ پێشرەوی و بەکردەوە دەرهێنانی، بگرە خالێکی سەرەکیە بۆ خۆجیاکردنەوەو پاراستنی حزب لەهەر رەوت و سونەتێکی ئانارشیستی و ئاکسیۆنیستی و ئیرادەگەرایانە، کە لەئەنجامدا چارەنوسی حزب لەبەردەم مەترسی گەورەدا دادەنێ.

٤/ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری تەنها بەگرتنەبەری ئاراستەیەکی سیاسی و عەمەلی پێشەنگ لەسەر بنەمای ناسینی رەوتی خەباتی چینایەتی

⇦

و لایەنەکانی هەلومەرجی سیاسی ئێستا و ئەو مەسەلە و میکانیزمانەی کە کۆمەڵگا دەیخاتە بەردەست، دەتوانێت وەک حزبێکی سیاسی لە خەبات بۆ گرتنەدەستی دەسەلاتی سیاسی دەرکەوێ و لەراستای بەکردەوە دەرهێنانی ستراتیژی عەمەلی خۆی بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکاری ریشەیی لە دۆخی ئێستاو بردنی کۆمەڵگا بەرەو سۆسیالیزم، هەنگاوهەڵگرێ. حزبی سیاسی کۆمۆنیستی خاوەنی لێکدانەوە و خەتێکی فکری و ڕیبازێکی سیاسی و عەمەلی جیاوازە کە جیایدەکاتەوە لەسەرجەم رەوت و بزوتنەوەو رێکخراوە سیاسیەکانی دیکە و دەبێ سەرەنجام ئەم لێکدانەوە و خەت و ڕیبازەی خۆی بکاتە بیرکردنەوەی سیاسی و ئاراستەی هەڵسورانی عەمەلی بەشێکی بەرچاو لە هەڵسوڕاوان و رابەرانی عەمەلیی چینی کرێکارو جەماوەری زەحمەتکێش.

٥/ پایەیەکی سەرەکی حزبی سیاسی کۆمۆنیستی بریتیە لەبوونی ریزێک لەڕابەران و کەسایەتی ناسراو، چ لەئاستی سەراسەری و چ لەئاستی مەحەلیدا، کە وەکو خاوەنی پرسە گرنگەکان خۆیان بەکۆمەڵگا ناساندوە و متمانەی بەشێک لەجەماوەریان بەدەستهێناوە، یاخود لە هەوڵی بەدەستهێنانیدان. ریزێک لە رابەران کە بەشێوەیەکی عەمەلی و روون و ئاشکرا و راوەستاو، پابەندبوونیان بەڕابەریکردنی خەباتی جەماوەرەوە سەلماندوە و وەک رەمزی بزووتنەوە جۆراوجۆرەکان لە بوارە جیاجیاکان و لە دڵی ململانێ سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا، دەرکەوتون.

٦/ بربرەی پشتی حزبێکی سیاسی کۆمۆنیستی ریزێکی فراوانە لە کادرانی مارکسیست کە لەرووی فکری و تیۆریەوە بەتوندی پابەندن بە مارکسیزم و ئاسۆی سیاسی کۆمۆنیستی و ستراتیژ و نەخشەکاری حزبەوە. ریزێک لە کادر کە پڕچەکن بە لێکدانەوەو هەڵوێستە سیاسیەکانی حزب و وەکو نوێنەری ئەو خەتە فکری-سیاسییە جیاکەرەوەی حزب پێداویستیەکانی هەژمونی فکری و سیاسی حزب لە کۆمەڵگادا فەراهەم دەکەن و لەراستای ریشەداکوتین وجەماوەریبوونەوەی حزبدا هەنگاودەنێن.

٧ / رێکخراوە مەحەلیەکانی حزب لەچوارچێوەی کۆمیتە کۆمۆنیستیەکانی خاوەن رێکخستنی ریشەدار لەشوێنی کارو ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشاندا، لەپاڵ دەرکەوتنی حزب و کەسایەتیەکانی لە ئاستی گشتیدا، مەرجێکی سەرەکیە بۆ حزبێکی سیاسی کۆمۆنیستی دەخالەتگەر کە وەکو هێزێکی کاریگەر و ریشەدار لە ململانێی چینایەتیدا رۆڵبگێڕێ.

٨/ حزبێکی سیاسی کۆمۆنیستی پشت بە بزوتنەوەیەکی کۆمەلایەتی پایەدار دەبەستێت. پەرەگرتنی کۆمۆنیزمی کرێکاری وەکو بزوتنەوە و حزبێکی بەهێز و جەماوەری بەندە بە گرێخواردن بە مەسەلەکانی کۆمەڵگا و رەخنەگرتن لە بزوتنەوە بورژوازیەکان بەتایبەت ناسیونالیزم و ئیسلامی سیاسی. حزب بەشێوەیەکی ماکزیمالیست قسەو رەخنەی خۆی دژ بە ناسیۆنالیزم و ئیسلام و بزوتنەوەکانیان دەخاتەروو.

٩/ لە هەموو هەلومەرجێکدا حزب میحوەرێکی سەرەکی گۆڕانکاریە لە کۆمەڵگەدا. ئەم رۆڵەی حزب بەو مانایە دێت کە لە رووبەڕووبونەوەی هەر پێشهات و وەرچەرخانێکدا بەبێ دوودڵی دەستبەرێت بۆ ئەو تاکتیک و شێوازانەی خەبات، کە یەکگرتوویی کرێکاران و رێکخراوبونی جەماوەری دەپارێزی و پێشرەوی و سەرکەوتیان زامن دەکات. هاوکات حزب دەبێ رۆڵی بەرچاوی هەبێت لە رێکخستنی غەیرە حزبی چینی کرێکار و جەماوەری بێبەشداو بە سیاسەتێکی رۆشنەوە کار بۆ دروستکردنی رێکخراوە غەیرە حزبیەکان بکات و پشتیوانی بێدریغ لەو هەنگاوانە بکات کە هەڵسوڕاوان و رابەرانی کرێکاران و توێژە مەحرومە کۆمەڵایەتیەکان لەو ئاراستەیەدا هەڵیدەگرن. حزب دەبێت وەک رێکخەر و پارێزەری ژیان و ئازادی و مافەکانی جەماوەر و مەدەنیەتی کۆمەڵگا دەرکەوێ و بەتوندی بەنارەزایەتی بەشە ستەملێکراوەکانی کۆمەڵگاوە گرێبخوا و وەک حزبێکی بەرپرسیارو خاوەن کۆمەڵگا دەرکەوێ و بناسرێت.

ئەرکەکان:

لەڕوانگەی ئەو خاڵانەی سەرەوە و بەوپێیەشی کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری خاوەنی رابردوویەکی خەباتکارانەو نەریت و ڕێبازێکی فکری سیاسی جیاواز و شۆڕشگێرانەیە، هاوکات وەکو بەرئەنجامی دەسکەوتەکانی کۆنگرەی پێنجەم توانیویەتی ریزێک لەڕابەران و کادران و تۆڕێک لە ئەندامان لەخۆیدا یەکگرتوو ڕیکخراوبکات، بەمجۆرە زەمینە سەرەتاییەکانی ئەوەی لەخۆیدا پێکهێناوە کە بەرەو حزبێکی سیاسی دەخالەتگەر هەنگاو هەڵگرێ. لەسەر ئەو بنەمایەوە ئەرکە سەرەکیەکانی حزب لەم قۆناغەدا بریتین لە:

١/ دەرکەوتنی حزب وەک حزبێکی سیاسی بەهێزی سۆشیالیستی بەرامبەر بە سیستەم و دەسەلاتی بۆرژوازی و هەموو ئەو رەوتانەی کە پارێزەری مانەوەی دۆخی ناهەمواری ئێستای کوردستانن. حیزب دەبێ وەک هێزی سەرەکی ئاڵوگۆڕی ریشەیی و شۆڕشگێرانە دەرکەوێ و بۆئەمەش لەریزی پێشەوەی خەبات و نارەزایەتیەکانی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێشدا بۆ دەستەبەرکردنی ماف و خواستەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش لەهەوڵی بەردەوامدابێت.

٢/ دابینکردنی ریزێکی فراوان لە رابەران و کادرانی حزب، چ لەئاستی سەراسەری و چ لەئاستی مەحەلیدا، کە خاوەنی ئەم ئاراستە سیاسیە شۆڕشگێرانەو دەخالەتگەرانەیەی حزبن و وەک کەسایەتی ناسراو و جێگای متمانە و گرێخواردوو بەمەسەلەکانی

کۆمەڵگاوە دەرکەوتوون.

٣/ دروستکردنی تۆڕێکی پتەو لە کادری بە ئەزموونی مارکسیست. ڕێکخستنی بەرنامەیەک بۆ ڕاهێنانی کادران لەسەر بنەمای پڕوپاگەندەی مارکسی و لێکۆڵینەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری و گواستنەوەی ئەزموونی کردەیی بۆیان.

٤/ دامەزراندن و پتەوکردنی ڕێکخراوی حزبی لە گەڕەکەکان، زانکۆ و ناوەندەکانی کاردا وەک بڕبڕەی پشت بۆ وەگەڕخستنی ئیرادەی جەماوەری لەبەڕیوەبردنی کۆمەلگادا. دروستکردنی کۆمیتە کۆمۆنیستیەکانی شوێنی کارو ژیان.

٥/ تەرکیزکردنی تایبەتی هەڵسورانی حزب لەسەر شارە سەرەکیەکانی کوردستان و هەوڵدان بۆ دابینکردنی حزوری ڕابەریی حزب لەو شارانەدا.

٦/ لەئاست نارەزایەتیە جەماوەریەکاندا، حزب دەبێ لەهەوڵی یەکگرتووکردن و سەراسەریکردنەوەو ڕیکخراوکردنی بزوتنەوە نارەزایەتیەکانی ئیستای شارەکانی کوردستاندا بێت و لەهەوڵی بەدەستهێنانی ڕابەری و ئاسۆدارکردن و گرێدانەوەی بە نارەزایەتیەکانی شارەکانی خوارو و ناوەراستی عێراقەوە بێت. پشتیوانی لە هەموو ئەو هەوڵانە بکات کە لەلایەن هەڵسوڕاوانی جەماوەریەوە دەدرێ بۆ ڕێکخستن و یەکگرتووکردن و رابەریکردنی نارەزایەتیە جەماوەریەکان و هەوڵدان بۆ دروستکردنی ڕێکخراوێکی جەماوەری بۆئەو مەبەستە.

٧/ تەرکیزکردنی تایبەت لەسەر بزووتنەوەی کرێکاری و کارەکانی کۆمسیۆنی کرێکاری. حزب دەبێ لەم مەیدانەدا، وەک خاوەنی مەسەلەکانی کرێکاران و خواستەکانیان دەرکەوێ و بۆ یەکگرتووکردنی کرێکاران و ڕێکخراوبوونیان لە ڕێکخراوە کرێکاریەکاندا تێبکۆشی و کاربکات بۆ هەڵگرتنی ئەو بەربەستانەی کە لەمرووەوە دێنە پێشەوە. هەروەها هەوڵدان بۆ بەهێزکردنی ڕەوتی ڕادیکال و کۆمۆنیستی لەنێو کرێکاراندا بەگشتی و لەئاست ڕابەران و هەڵسوراوانی بزوتنەوەی کرێکاریدا بەتایبەتی، گۆشەیەکی سەرەکی کاری حزبە لەئاست بزوتنەوەی کرێکاریدا.

٨/ کارکردن لەئاست بزووتنەوەکانی ژنان، گەنجان و پرسەکانی بێکاری، سکولاریزم و کاری ڕۆشنگەری. حزب دەبێ بەپلان و بەرنامەیەکی عەمەلیەوە لەم مەیدانانە بڕوانێ و بۆ شکلدان بە ڕێکخراوە جەماوەریەکانیان دەستبەکاربێت.

٩/ فراوانکردن و پەرەدان بە توانای ڕاگەیاندنی حزب و بەدەستەوە گرتنی ئەو کەناڵ و ئامرازانەی کاریگەرییان لەسەر بیروڕای خەڵک هەیە و دەنگی حزب بە جەماوەرێکی بەرفراوان دەگەیەنێ، لەوانە هەوڵدان بۆ زیادکردنی ماوەی پەخشی تەلەفزیۆنی پێشەنگ، دەرکردنی بڵاوکراوەی پرتیراژ و سوودوەرگرتنی چالاکانە لە سۆشیال میدیا.

١٠/ پەرەپێدانی خەباتی هەمەلایەنەی فکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی چالاک و کاریگەر بۆ ئیفلیجکردن و لەباربردنی ڕۆڵی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی و ئیسلام لەسەر ئاستی کۆمەڵگای کوردستان. بەرێخستنی هێرشێکی فکری-سیاسی دژی ئایدیا و بۆچوونە لیبراڵی و دیموکراسیەکان و ریسواکردنی دیموکراسی بۆرژوایی، کە لایەنگریی بێپەردەی ڕۆژاوا بۆ جەنگی غەزەو کۆمەڵکوژی خەڵکی مەدەنی نموونەیەکی زەقی ریسوایی دەوڵەت و سیستەمە دیموکراسیەکانی غەربە.

١١ / رابەریی حزب دەبێ لەئاست مەسەلەکانی عێراق و ئەو کێشانەی لەنیوان هەولێرو بەغدادا دێنەپێشەوە دەخالەت بکا و وەک بەرگریکاری مافەکانی خەڵکی کوردستان و جێخستنی مافی هاولاتی یەکسان کاربکات.

١٢/ ڕاوەستانەوە بەرامبەر بە سیاسەتی میلیتاریستی و جەنگخوازی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لەئاست ناوچەکە و دەخالەتی دەوڵەتانی ناوچەکە و بەتایبەتی مەترسیەکانی ئەو دۆخەی کە لەدوای هەڵگیرسانی شەری ئیسرائیل بۆ سەر غەززە رووی لەرۆژهەلاتی ناوەراست کردووە.

١٣/ پەرەپێدانی پەیوەندیی هاوکاری و یەکگرتوویی خەبات و هەوڵدان بۆ دروستکردنی ناوەندێکی کاری هاوبەشی حزبەکانی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە ناوچەکەدا. دەستگرتن و پەرەدان بە پەیوەندی خەباتکارانەی نێوان حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەگەڵ حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق و حزبی حیکمەتیست (خەتی رەسمی)، وەکو هەنگاوێکی سەرەتا بۆ ئەم مەبەستە.

١٤/ بەشداریکردنی کاریگەرانە لە بزووتنەوەی جیهانی لەدژی سیاسەتە میلیتاریستییەکانی ئەمریکا و ناتۆ و جەمسەرە ئیمپریالیستیەکان. هەروەها بەدەستەوەگرتنی مەیدانی کار لەدەرەوەی ولات بەئاراستەی پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی کرێکاری و سۆسیالیستی لەسەر ئاستی جیهانی و پێکهێنانی بلۆکێکی ڕادیکاڵ بەرامبەر بەفەزای جەنگ و میلیتاریستی کە بەسەر جیهاندا سەپاوە.

کۆنگرەی شەشەمی حزب، کۆمیتەی ناوەندی داهاتوو ڕادەسپێرێت کە لەسەر بنەمای ئەم ئاراستەو ئەرکانە، هەنگاوە عەمەلیەکانی حزب لەهەر دەورەیەکدا دەرکێشێ و بۆ بەکردەوە دەرهێنانیان ڕێوشوێنی کارساز و پێویست بگرێتەبەر.

★

**سیاسەتبازەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی دۆستی درۆینەی ئێوەن و کاریان پاراستنی دۆخی ئێستایە لەژێری تورەیی و شۆڕشی ئێوە بەناوی دژایەتیکردنی ئەو دەسەڵاتەو حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە!**

# پەیامی کۆنگرەی شەشەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بۆ خەڵکی کوردستان

پەیامی کۆنگرەی شەشەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بۆ خەڵکی کوردستان

خەڵکی ناڕازی و خەباتکاری کوردستان!

ڕۆژانی کۆتایی مانگی ئازار، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان کۆنگرەی شەشەمی خۆی بەست. کۆنگرە لە هەلومەرجێکدا بەسترا، کە ئێمەی کرێکاران و خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان، لاوان و ژنان و کاسبکار و فەرمانبەران، چ ناڕەزایەتی و نەفرەتمان بەدژی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و چ خەباتی نەپساوەمان لە پێناو نان و خزمەتگوزاری و موچە و ئازادی و ژیانێکی باشتردا، تا هاتووە بەرەو پێش چووە و فراوان بۆتەوە. دەسەڵاتی نەنگینی بۆرژوازی کورد، هیچ کاتێک وەکو ئێستا نەکەوتوتە بەردەم ناڕەزایەتی و تورەیی حەقخوازنەی ئێمەی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێشەوە، تەنانەت هیچ بەشێکی کۆمەڵگە نییە نەفرەت و ناڕەزایەتی بەدژی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد نەبێت. کارنامەی نەنگینی ئەم دەسەڵاتە وای کردووە کە هیچ متمانەیەکی لای جەماوەر نەمێنێت و خواستی کۆتاییهێنان بۆتە داوایەکی بێ گەڕانەوە. هاوکات لەبەرامبەر هەوڵەکانی بۆرژوازی عێراقدا بۆ وەلانانی ڕێگری و کۆسپەکانی ناوەندی کردنەوەی دەسەڵات و گێڕانەوەی هەیمەنەی سیاسی و یاسایی و دەستووری دەسەڵاتی فیدراڵیدا بەسەر دەسەڵاتە لۆکاڵی وخۆجێییەکان و هەرێمدا، دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردی لە مەنگەنەداوە و سەرجەم لایەنەکان، بەتایبەتی پارتی و یەکێتی ڕووبەڕووی ئەزمەیەکی قوڵ و چارەهەڵنەگر کردۆتەوە. هەروەها هەلومەرجی تازە بە ئاراستەی گرێخواردنەوەی کوردستان بەرەو عێراق هەنگاو دەنێت، ئەمەش چوارچێوەیەکی هاوبەش بە خەباتی خەڵکی کوردستان لەگەڵ خەباتی کرێکاران و خەڵکی خوار و ناوەڕاستی عێراق دەبەخشێت و خواست و داواکارییەکانیش لە پێناو نان و خزمەتگوازری و ئازادییەکان و مافە فەردی و مەدەنییەکانییەکان... بوونەتە خواستی هاوبەشی خەڵکی کوردستان و سەرجەم خەڵکی عێراق.

جەماوەری ئازادیخواز و تینوی ئازادی و ژیانێکی باشترا!

بڕیار و باسەکانی کۆنگرە و بەڵگەنامە پەسەندکراوەکان و ڕێگاچارەکانی کۆنگرەی شەشەمی حیزب بە تەواوی مۆری ئەو واقعیەتە تازەیەی پێوەیە و حیزبی کۆمۆنیست لە خەباتیدا هاوشانی ئێوە بۆ ڕاماڵینی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و هاوکات بۆ ڕەتکردنەوەی مۆدێلی فیدراڵیزمی قەومی و هەر هەوڵێکی هێزە بۆرژوازیە عێراقی و کوردستانیەکان بۆ ژێر پێخستنی ئیرادەی سیاسی خەڵکی کوردستان، تێدەکۆشێت. لەم ڕاستایەشدا هەرووەک چۆن سەرکەوتنمان لە خەباتدا بۆ بەدەستهێنانی داخوازیەکانمان و گەیشتن بە ژیانێکی باشتر گرێی خواردووە بە یەکگرتووبوون و ڕێکخرابوون و کۆبوونەوە لە دەوری ئاسۆیەکی سۆشیالیستی، ئاواش کۆنگرەی شەشەم جارێکی تر پێداگری توندی حیزبی کردووە لە خەباتی چینی کرێکار و خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان و عەزمی جەزم کردووە لەسەر ئەوەی کە هەموو توانای خۆی بخاتە گەڕ لەپێناو بەدیهێنانی خواست و ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان و کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی ستەمکاری ئێستا و بەرپاکردنی دەسەڵاتداریتی شوراکانی خەڵک و دەستەبەرکردنی ژیانێکی ئازاد و خۆشگوزەران.

کۆنگرەی شەشەمی حزب بانگەوازی ئێوە کرێکاران و خەڵکی ناڕازی کوردستان دەکات کە لە دەوری سیاسەت و ڕێگاچارە و بەدیلی سۆشیالیستی ئەم حزبە کۆببنەوە. ئەمە تەنها ڕێگای کۆتایی هێنانە بە نابەرابەری چینایەتی و دەرد و موسیبەتەکانی نیزامی سەرمایەداری و دەسەڵاتێک کە پارێزەریەتی.

★

**هەلومەرجی تازەی کوردستان لەبنەڕەتدا بەرئەنجامی بارودۆخی سیاسی تازەی جیهان و ناوچەکەیە. شکستی سیاسەتی لەشکرکێشی و جەنگخوازانەی ئەمریکا و ئاراستەی بەرەوکۆتاییچوونی ئەو شەڕانەی چەندین ساڵە باڵیان بەسەر ناوچەکەدا کێشاوە، لەئاستی جیهانیدا هەوڵی ئەمریکای بۆ شکڵدان بە نەزمێکی تاکجەمسەری ناکام کردووە و ئێستا دنیای چەند جەمسەری بووەتە ئەمری واقع. لەئاستی ناوچەکەشدا ئەمە هێزهاوسەنگییەکی تازەی هێناوەتەکایەوە، کە لەسایەیدا حکومەتی مەرکەزی دەرفەتی ئەوەی پەیداکردوە هەژموونی خۆی بەسەر هەمو جوگرافیای عێراق، بە کوردستانیشەوە، بسەپێنێ و لەڕووی سیاسی و ئابوریەوە حزبە بورژوازیە کوردەکان ناچار بکات ملیپێبدەن.**

# پڕۆژەی گەشەپێدانی ئابوری عێراق

## عوسمانی حاجی مارف

دەستپێشخەری"پشتێن و ڕێگاوبان" کە بە دەستپێشخەری ڕێگای ئاوریشمی نوێ ناودەبرێت، پڕۆژەیەکی جیهانیە بۆ دروستکردنی تۆڕێکی فراوانی ژێرخانی بەیەکەوە گرێدراو، کە لەلایەن سەرۆکی چین"شی جین پینگەوە" لە ساڵی ٢٠١٣ دەستپێیکردووە، ڕێڕەوی ئابووری هیندستان، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەورووپا نوێترین پڕۆژەیە کە ئامانجی یەکخستنی هاوبەشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری ئاسیایە بۆ یەک بلۆکی ئابووری جوگرافی، پڕۆژەیەکی هاوبەشی گەورەیە بۆ پەرەپێدانی ژێرخانی ئابووری.

هەریەک لە وڵاتانی سعودیە، یەکێتی ئەورووپا، هیندستان، ئیمارات، فەرەنسا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا و ئەمریکا یاداشتێکیان واژۆ کردووە کە هێڵکاریە بنەڕەتیەکانی تۆڕی گواستنەوە ئاشکرا دەکات لە گواستنەوەی کەشتیەوە تاوەکو هێڵی ئاسن. پڕۆژەکە ئامانجی بەستنەوەی هیندستانە بە ئەورووپا لەرێگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە، پڕۆژەکە بریتیە لە هێڵی شەمەندەفەر کە ئیمارات، سعودیە، ئوردن و ئیسرائیل بە ئەورووپا دەبەستێتەوە، هەروەها ڕاکێشانی هێڵەکانی گواستنەوەی کارەبا و کێبڵی گواستنەوەی داتا بۆ بەرزکردنەوەی پەیوەندی دیجیتاڵی، هەروەها بۆری بۆ هەناردەکردنی هایدرۆجینی پاک لە نێوان هیندستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپادا .

لەهەمانکاتدا پڕۆژەی ڕێگای گەشەپێدانی عێراق ئامانجی دروستکردنی تۆڕێکی گواستنەوەی سنوور بەزاندنی عێراقە، کە کەنداو بە تورکیا دەبەستێتەوە. ئەم تۆرە پێگەی جیۆپۆلەتیکی عێراق وەک ڕێرەویکی بازرگانی بەرزدەکاتەوە و داهاتی دارایی دابین دەکات.

ڕێگای گەشەپێدان پڕۆژەیەکی عێراقیە کە هەولدەدات ژێرخانی ڕێگاوبان و هێڵی ئاسن دروست بکات، بەمشێوەیە سوود لە جوگرافیای عێراق و چەندین سنوور وەردەگرێت.

ڕێگای گەشەپێدان هەوڵێکە بۆ ناساندنی مۆدێلێکی نوێی گەشەپێدان بۆ سەقامگیرکردنی عێراق لەڕووی سیاسییەوەو هەوڵدان لە پێکهێنانی دۆخێکی ئەمن و ئارام و لەبار بۆ سەرمایەگوزاری، واتە سەقامگیری سیاسی بەمانای کۆتایی کێشمەکێش و ناکۆکیەکان نیە، لەسایەی نەزمی چەند جەمسەری تازەی جیهاندا، لەئاستی ناوچەکە و جیهانیشدا کێشمەکێشی جەمسەرەکان لەسەر ناوچەی نفوز و بەرژەوەندیە ستراتیژیەکانیان درێژەی دەبێت.

عێراق زۆر پێویستی بە هەمەچەشنکردنی ئابووری و سەرچاوەکانی داهات هەیە بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستنی تەواوەتی بە داهاتی نەوت، هاوشێوەی وڵاتانی دیکەی ناوچەکە، عێراقیش وەک سعودیە و میسر و وڵاتانی دیکەی کەنداو، شاهیدی گۆڕانی بەرژەوەندیە بەرەو پڕۆژەی گەورە و بازرگانی سنور بەزاندنن.

دوای چەندین ساڵ لەدەسەڵاتی حکومڕانی بەشبەشێنەی هێزی میلیشیای نەتەوەیی و تائیفی، حکومەتی فیدراڵی بەپێکهاتەی حکومەتی بەغداو حکومەتی هەرێم، دوای چەندین ساڵ لە دۆخی شەڕو نائارامی و گێژاوی سیاسی، حکومەتی عێراق بەدوای سەرچاوەی نوێدا دەگەڕێت، بیروکەی "گەشەپێدان" جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە ناو ناوەرۆکی گوتاری لایەنەکانی دەسەڵاتداران لە حکومەتی عێراقدا، بەرەو ئاراستەیەک هەوڵئەدرێت کە زیاتر مەیلی بەرەو بازاڕە کراوەکان و تێکەڵکردنی ئابووریە ناوخۆییەکانە بە ئابووری جیهانەوە دابین بکات.

هەروەها ڕێگای گەشەسەندن پەیوەستە بەو قەناعەتە باوەی کە بۆرجوازی عێراق و گەشانەوەی زیاتری سەرمایە زۆر پێویستی بە هەمەچەشنکردنی ئابووری و سەرچاوەکانی داهات هەیە بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستنی تەواوەتی بە داهاتی نەوت، هەر لەم ئاراستەیەشەوە مەسەلەی سەقامگیری و ئارامی سیاسی دەبێتە پێداویستیەک بۆ سەرکەوتنی ئەو پڕۆژەیە.

عێراق ڕێگای گەشەپێدانی سەرمایەگوزاری دەستپێکردوە، کە پڕۆژەیەکی گەورەیە و هەوڵدەدات سوود لەپێگەی جوگرافی وڵات و چەندین سنوور وەربگرێت. ئامانجی پڕۆژەکە دروستکردنی تۆڕێکی گواستنەوەیە کە کەنداو بە تورکیە دەبەستێتەوە و یەکێکە لەو جۆرە کارانەی کە ئەمڕۆ لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا باس دەکرێت بۆ پەرەپێدانی بازرگانی سنووربەزێن و پەیوەندیکردن نەک تەنها لە نێوان وڵاتانی ناوچەکە، بەڵکو لە نێوان وڵاتانی ئاسیاشدا.

ڕێگای گەشەپێدان ئەگەر سەرکەوتوو بێت، پێگەی جیۆپۆلەتیکی عێراق وەک ڕێرەویکی بازرگانی بەرز دەکاتەوە و گەڕانەوەی دارایی و سەرمایەگوزاری و هەلی کار دابین دەکات، لە بنەڕەتتردا، پرۆژەکە هەوڵێکە بۆ ناساندنی مۆدێلێکی نوێی گەشەپێدان کە بتوانێت عێراق لەڕووی سیاسییەوە سەقامگیربکات.

وڵاتانی ناوچەکە و جیهانیش زیاتر ئارەزوی خۆیان نیشان دەدەن بۆ دروستکردنی ئەم ڕێڕەوە بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێودەوڵەتی لە سنوور بەزاندن، بەجۆرێک ئەمڕۆ بەشێوەیەکی فراوان دوای ئەو هەموو شەڕو کارەسات و گێژاوە سیاسیە، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووەتە گۆڕەپانێک بۆ کێبڕکێی جیۆ-ئابووری نێوان وڵاتانی زلهێزی دنیا، ئەمەش لە پەیوەندی و کێشمەکێشی چین و ئەمریکادا ڕەنگی داوەتەوە، لەم چوارچێوەیەدا، کۆریدۆرە بازرگانیەکانی نێوان وڵاتان و ناوچەکان زیاتر و زیاتر پەیوەست دەبن بە هاوتەرییە جیۆپۆلیتیکیەکانەوە.

سەرەرای بەرزبوونەوەی نرخی نەوت دوای سەرهەڵدانی ململانێکان لە ئۆکرانیا، قەناعەتێکی گشتی هەیە کە مۆدێلی عێراق بۆ دابەشکردنەوەی سامانی نەوت کەموکوڕی تێدایە و ئەگەر ڕاست

نەکرێتەوە، ڕەنگە قەیرانی سیاسی داهاتوو زۆر توندتر بێت.

هەرچەندە داهاتی عێراق لە هەناردەکردنی نەوت لە نێوان هەشت بۆ نۆ ملیار دۆلاردایە لە مانگێکدا، ئەمەش بەهۆی گرانی نرخی نەوتەوەیە، لەلایەکی تریشەوە وەبەرهێنان و بازرگانی نەوت نەک نەیتوانیوە سەرچاوەیەک بێت بۆ ئەمنیەت و پاراستنی یەکپارچەیی عێراق، بەڵکو بەردەوام مەیدانی کێشەو شەڕی نێوان هێزە میلیشیاکان بووە لەسەر باڵادەستیان بەسەر بیرە نەوتیەکاندا.

بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئایا توانای دەوڵەت بۆ دابینکردنی دارایی و جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی وەها گەورەی تێکەڵبون بە ئابوری جیهانەوە ئیمکانی هەیە، یان ئەو ئاستەنگیانە چین کە بەرەوڕوی ئەم پرۆژەیە دەبنەوە؟.

ئەو ئاستەنگیانەی ڕێگا بە خێرایی چوونەپێشەوەی ئەم پرۆژەیە دەگرێت کەم نین و وەلانانیان ئاسان نیە، بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنیرادەی گەندەڵیەکی تەواو زاڵ و بەربڵاوو سیستماتیک کە لە تەواوی عێراقدا سایەی کردووە. هەروەها ئاستەنگی ئەوەی عێراق تائێستا شایەتحاڵی دۆخێکی وەها نائەمنی و بونی هێزی میلیشیاو ناسەقامگیریە کە تێپەڕاندنی بە ئاسانی نایەت بەدەستەوە، چونکە هەوڵی گروپە میلیشیاکان کە بەشدارن لەدەسەڵاتدا بۆ دەستبەسەرداگرتنی کۆنترۆڵی دەوڵەت و سەرچاوەکانی بەشێوەیەکە کە دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوەکانی دەوڵەت و تێکدانی توانای حکومەت بۆ هەماهەنگی وردی پرۆسەی پلاندانان و جێبەجێکردن، بۆیە دور نیە ببێتە هۆی کشانەوەی وەبەرهێنەرانی بیانی، یان کشانەوەی ئەو وڵاتانەی کە هەوڵی سودمەندبوون لەڕێڕەوی گەشەپێدانی سەرمایەگوزاریەوە ئەدەن.

هەروەها سروشتی کوتلە سیاسیەکانی عێراق زیاتر ئاسانکاری بۆ حسابات و قازانجی کورتخایەن دەکەن، تائەوەی پشت بەستن بە پرۆژەی درێژخایەن، بەڵام دەخاڵەت و پرۆژەکانی وڵاتانی زلهێزی دنیا بەتایبەتی چین بە ئاراستەی پرۆژە درێژخایەنەکان هەنگاو دەنێن.

لەهەمانکاتدا بەربەستی سەرکەوتنی پرۆژەکە بریتیە لە سەختی دابینکردنی بودجەی بەردەوام بۆ پرۆژەیەکی وەها گەورە، کە ناکارایی و گەندەڵی بەربلاو لە دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراقدا، کێشەی گەورەی بۆ دروست دەکات، ڕەنگە ئەگەری نائەمنی و نادڵنیایی وەبەرهێنەران لەڕێگای گەشەپێدان و ئەو وڵاتانەی کە دەیانەوێت سوودی لێ وەربگرن، بێهیوایان کات.

ئەوەی بەرچاوە حکومەتی محەمەد شیاع سودانی ڕێگەی گەشەپێدانی لەباوەشگرتووە، کە بە ئامرازێکی دەزانێت بۆ خێراکردنی گەشەسەندنی ئابووری عێراق و پتەوکردنی پەیوەندی وڵات بە بازارە جیهانیەکان و دروستکردنی سەرچاوەیەکی گەورەی نوێی داهات، لەباری عەمەلیشەوە هەوڵ ئەدات بەم ڕێگەیە سەرۆکایەتی خۆی و دەسەڵاتی چوارچێوەی هەماهەنگی جێگیر بکات.

ڕێگای گەشەپێدان بەوپێیەی پرۆژەیەکی ئابووریە کە لە دەوری ئامانجێکی سیاسیدا دەسوڕێتەوە، ئەویش سەرکەوتنی گۆڕینی دۆخی سیاسی ئێستای عێراقە لە نائارامی ئێستایەوە بۆ ئارامی و گەڕان بەدوای چارەسەری ئاستەنگە ئابوری و سیاسیەکان، ئامانجی ڕێگای گەشەپێدان زیاترە لەوەی پەیوەندی بازرگانی سنووربەزێن بەدەستبهێنێت، جگە لەڕێگاوبان و هێڵی ئاسنی کە بەندەری فاو لەباشووری عێراق بە سنووری عێراق و تورکیا دەبەستێتەوە، دەبێتە هۆی دامەزراندنی کارگە و وەرشەکان، کە ڕێگەی زیاتر بە چالاکیە ئابوری بازرگانیەکان دەدات، سودانی ڕایگەیاند کە ڕێگای گەشەپێدان تەواوکەرێکی پێویستە بۆ بەندەری فاو لەناوخۆدا بەرەو تورکیا و ئەولاتری تورکیا.

لەوەش زیاتر، پرۆژەکە یارمەتیدەر دەبێت بۆ پێناسەکردنەوەی سنوورەکانی باشوور و باکووری عێراق، هەربۆیە حکومەتی عێراق بەرنامەڕێژی دەکات بۆ ناوەندبونەوەی عێراق و کۆنترۆڵکردنی سنورەکان.

هاوکات ڕێگای گەشەپێدان، وەک پرۆژەیەکی گەورە کە کاریگەری ستراتیژی لەسەر عێراق هەیە، ڕەنگە ببێتە دەرفەتێک و هاندەرێک بۆ حکومەتی عێراق بۆ درێژکردنەوەی کۆنترۆڵی ئەمنی خۆی بەسەر ناوچە پەراوێزەکان و فراوانکردنی دەستڕاگەیشتن بە دەسەڵاتە ناوەندیەکان. هەر لەم چوارچێوەیەدا هەوڵدان بۆ بچوککردنەوەی قەبارەی هەرێم مانا پەیدادەکات، حکومەتی عێراق پێویستی بەوەنابێت حکومەت و دەسەڵاتێکی تر لە چوارچێوە عێراقدا لە پاڵیدا بێت و ببێتە هاوبەش لەم پرۆژەیەدا، ئەوەندە بارزانی و تاڵەبانی دەوێت کە سەر یەشە بۆ پرۆژەکە دروست نەکەن و بتوانن ئەمنیەتی هەرێم بپارێزن، جگە لەوەش ڕێگاوبان و هێڵی ئاسنی نوێ ئامرازی خێرای پەیوەندی نێوان پارێزگاکانی عێراق پێویست دەبێت، دروست بکرێن، بۆ باشتر تێکەڵکردنی شارەکان لەگەڵ یەکتر و پەرەپێدانی چالاکیە ئابووریە ناوخۆییەکان و پرۆژە بەرفراوانەکان.

عێراق دەبێتە ناوەندێکی گرنگ بۆ بازرگانی نێودەوڵەتی و ڕێڕەوێکی سەرەکی بۆ کاڵاکان، کە ئابووریەکەی هاندەدات و هەلی کار دروست دەکات و سەرچاوەی نوێی داهات بۆ سەرمایەداران و دەوڵەت بەرهەم دەهێنێت. کاربەدەستانی عێراق داهاتی ساڵانەی پرۆژەکە بە نزیکەی چوار ملیار دۆلار مەزەندە دەکەن، کە کۆی تێچووی پرۆژەکەش بە نزیکەی 17 ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت.

قەتەر وڵاتێکی سەرەکیە لە کەنداودا کە ئارەزووی پێشخستنی ئەم پرۆژەیە دەکات، بەتایبەتی پاش ئەو ئەزمونە تاڵانەی کە تێیدا ژیاوە لەکاتی ئەو گەمارۆیەی کە لەلایەن سعودیە و ئیماراتی یەکگرتووی عەرەبی و بەحرەین لە نێوان ساڵانی ٢٠١٧ بۆ ٢٠٢١ بەسەریدا سەپێنراوە، ئەمەش وای لە قەتەر کرد بەدوای ڕێگەی بەدیلدا بگەڕێت بۆ بازرگانی. جگە لەوەش قەتەر پەیوەندیەکی نزیکی لەگەڵ تورکیا هەیە کە

هاوپەیمانی سەرەکی ناوچەکەیە لە پێش و لە کاتی گەمارۆکەدا.

تورکیا بە جۆش و خرۆشەوە پشتگیری لە پرۆژەی ڕێگای گەشەپێدان دەکات، چونکە ڕێگایەکی کورت بۆ ناوچەی کەنداو دابین دەکات و هەروەها خواستەکانی ئەنقەرە بۆ ئەوەی ببێتە ناوەندێک بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی جیهانی جێبەجێ دەکات.

هاوکات ئیمارات دەتوانێت لەم پرۆژەیەدا هاوبەشی بکات، بەتایبەتی دوای ئەوەی محەمەد شیاع سودانی، داوای هاوکاریی کرد بۆ بەڕێوەبردنی بەندەری فاو کە بەردی بناغەی ئەم پرۆژەیە پێکدەهێنێت. ڕەنگە ئەمە لەگەڵ بەرژەوەندی ئیماراتدا بگونجێت بۆ بەهێزکردنی بوونی خۆی لە عێراق، و پاراستنی پێگەی خۆی وەک لایەنێکی سەرەکی لە بەڕێوەبردن یان سەرپەرشتیکردنی بەندەرەکان لەسەر ئاستی جیهانی. بەڵام وادیەچێت ئیمارات کەمتر مەیلی بەشداریکردنی لەو پرۆژەیەدا هەبێت بە لەبەرچاوگرتنی ئەگەری ئەوەی کە بەندەری فاو ببێتە ڕکابەری بەندەرەکانی خۆی، هەروەها ئەو کاریگەرییەی کە گروپە میلیشیاکانی لایەنگری ئێران و دژە ئیمارات لە عێراقدا دەوردەبینن. بۆیە ئیمارات بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بەرژەوەندییەی کە ڕێڕەوی ئابووری لە نێوان هیندستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەورووپا لەکاتی شەڕی غەززەدا وەریگرتووە، ئەوەی پێباشترە چاوەڕێ بکات پێش پابەندبوونی بە پرۆژەیەکی لەوچەشنە.

لەم کەین و بەینەشدا، کوێت بەندەری فاو بەڕکابەرێکی بەندەری موبارەک ئەلکبیر لەدوورگەی بوبیان لێک ئەداتەوە، کە بەردەوامی گرژی لەنێوان عێراق و کوێتدا دروستکردووە. هۆکاری ئەمەش تەنها ناکۆکی لەسەر سنووری دەریاییەکانی نێوان هەردوو وڵات نییە، بەڵکو ئەو بۆچوونەی عێراقیشە کەڕەنگە بەختی بەندەری موبارەک ئەلکەبیر تێکبدات. ئەم ناکۆکییانە بووە هۆی ڕاگرتنی کارکردن لەسەر پرۆژەی بەندەری کوێت بۆماوەیەک، بەڵام لە مانگی تەمموزی ٢٠٢٣ حکومەت دەستپێکردنەوەی کارەکانی تەواوکردنی ڕاگەیاند.

"هەنگاونان بەرەو چین" بووەتە بەشێک لە گوتاری سیاسی هەندێک لە کوتلە سیاسیەکانی عێراق، بەتایبەت ئەوانەی لە ئێرانەوە نزیکن، کە ئەمەیان وەک ئامرازێک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەژموونی ئەمریکا نیشانداوە، لەلایەکی تریشەوە بە سەرکەوتنی پرۆژەی گەشەپێدان دەخەمڵێنرێت.

لە ساڵی ٢٠٢١ عێراق بووە گەورەترین سوودمەند لەو پارەیەی کە چین بۆ دەستپێشخەری "پشتێن و ڕێگا" تەرخانی کردووە، لە کۆی نزیکەی ٦٠ ملیار دۆلار ١٠.٥ ملیار دۆلاری وەرگرتووە. پێش ئەوە حکومەتی عادل عەبدولمەهدی لەگەڵ چین ڕێککەوتبوو لەسەر دامەزراندنی سندوقێکی هاوبەش کە تێیدا داهاتی سەدهەزار بەرمیل لەڕۆژێکدا لە هەناردەکردنی نەوتی عێراق بۆ گەڕاندنەوەی قەرزەکانی چین و وەبەرهێنانەکانی پرۆسەی ئاوەدانکردنەوە و پرۆژەکانی گەشەپێدان لە عێراق بەکاربهێنرێت.

حکومەتی عێراق بەنیازی ئەوە بوو کە بەندەری فاو وەک پرۆژەیەکی تەواوکەری دەستپێشخەری "پشتێن و ڕێگاوبان" پیشان بدات، ڕێڕەوێکی دەریایی نوێ دابین بکات کە بتوانێت خزمەت بە چین و زلهێزە ئابووریە تازەپێگەیشتوەکانی ئاسیا بکات، بەو پێیەی بڕیارە کاتی گواستنەوەو گەیشتنی کاڵاکان بۆ ئەورووپا کەم بکاتەوە. بۆیە لەم نێوەدا عێراق ڕووبەڕووی کێبڕکێی توندی وڵاتانی دراوسێ دەبێتەوە، کە هەندێکیان زیاتر لە بازرگانی نێودەوڵەتی و بەڕێوەبردنی بەندەر و کەشتیوانیدا بەشدارن، وەک ئیمارات و هەندێکی دیکەش وەک تورکیا، ئێران و کوەیت،کە توانای ئەوەیان هەیەڕێگری لە پلانەکانی عێراق بکەن.

حکومەتی عێراق وەها نیشان ئەدات ئەوپەڕی گرنگی بە شەفافیەت دەدات لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم پرۆژەیەدا. بەڵام ئەمە شتێک نادات بەدەستەوە گەر حکومەت نەتوانێت پشتگیری سیاسی بەردەوام دەستەبەر بکات و بودجە بۆ ڕێگای گەشەپێدان ڕێکبخات، ئەمەش پێویستی بە بنیاتنانی کەیسێکی بەهێز هەیە لە بەرژەوەندی پرۆژەکەتا گومانی سەرنەکەوتنەکەی کەمکاتەوە.

لە دواجاردا ئەتوانین بڵێین ئەم پرۆسەیە لە گەشەپێدانی ئابوری عێراق دەستی پێکردوە، سەرکەوتن یا شکست لەبەردەم چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕێکی تەواو جیاوزادا بەرەوڕوە، کە لە چاوەڕوانی ئاڵوگۆڕو دۆخێکی سیاسی وەهادایە کە هاوکێشەی سیاسی دەخاتە بەردەم دەورانێکی تازەوە، کاریگەری جدی لەسەر ڕۆڵ و نەخش و هاوسەنگی هێزەکان دادەنێت، کە چۆن مامەڵەی دۆخەکە دەکەن. هێزە شیعەکان بە تایبەتی چوارچێوەی هەماهەنگی لە حکومرانی و دەسەڵاتی سیاسیدا دەستی بەم ڕەوتەوە گرتووە، نەخشە سیاسیەکانی لەسەر ئەو بنەمایە پیادە دەکات، لە هەوڵی هەنگاوەکانی ناوەند بونەوەی عێراقدایە.

هەرێمی کوردستان خۆی ڕادەستی ئەوەکردوە کە بەشێکە لە عێراق و گەڕاوەتەوە ژێرکێفی دەوڵەتی ناوەندی، ئەم ئاڵوگۆڕە هەلومەرجێکی تازە دەهێنێتەکایەوە کە کاریگەری لەسەر هەمو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی دادەنێت و بزوتنەوەی کرێکاری و جەماوەری پێدەنێتە قۆناغێکی تازەوە.

حکومەتی ناوەندی ئەو دەرفەتەی پەیداکردوە کە هێژمونی خۆی بەسەر هەمو جوگرافیای عێراق بە کوردستانیشەوە بسەپێنێ، لەڕوی سیاسی و ئابوریەوە حزبە بورژوازیە کوردەکانی ناچار کردوە مل بەم دۆخە بدەن، دواجار بەو مەرجە دەتوانن بەردەوامی بە پێگەی سیاسیان بدەن، کە ببنە پاسەوانی پرۆژەی گەشەپێدانی ئابوری عێراق وبە ڕەسمی قەبوڵی ناوەندبونەوەی عێراق بکەن، هەلومەرجی تازەش گرێخواردنەوەی کوردستانە بە عێراقەوە.

---

نوسینی ئەم وتارە بۆ ڕۆشناییە لە سەر گۆشەیەکی ئەو بڕیارنامەیەی کە لە کۆنگرەی شەشەمی حزبی کۆمۆنستی کرێکاریی کوردستاندا دەنگی پێدرا، سەبارەت بە "بارودۆخی سیاسی و سەرخەتی سیاسەتەکانی حزب"

# کرێکاران و پرسی ڕێکخراوبوون

## وەستا مهدی

کرێکاران ناتوانن هیچ داوایەک بەسەر خاوەنکاردا فەرز بکەن ئەگەر ڕێکخراوەنەبن، کەواتە دەتوانین بڵێین هێزی چینی کرێکار لەیەکڕیزی و ڕێکخراوبونیدایە. ئەم دەستەواژەیە هەروا لەخۆیەوە نەخراوەتە سەر لاپەڕەی مێژووی بزوتنەوەی کرێکاری، بەڵکو کرێکاران تاقییان کردوەتەوە، لەڕێگای ڕێکخراوبوونەوە کرێکاران توانیویانە سەعاتەکانی کارکردن لە ١٥سەعاتەوە بکەن بە ٨سەعات.

لەکوردستان سەدان هەزار کرێکار هەیەو ناخۆشترین هەلومەرجی کار بەسەریاندا سەپێنراوە، بەڵام هێشتا پرسی ڕێکخراوبوون لەناو کرێکاراندا لاوازەو هێشتا کرێکاران سەنگەری بەرەنگاربوونەوەیان لاوازە، خۆیان هەست بەم ڕاستیە دەکەن و ڕێگریەکانی بەردەمیان دەناسن و بەشێوەی جۆراو جۆر لەسەر پرسی ڕێکخراو بوون قسە ئەکەن و تەفسیر لەچەمکی ڕێکخراوبوون ئەکەن. کاتێک فشارەکانی خاوەنکار زۆردەبێت لەسەریان ئەوانیش دێنە جواب، بەڵام لەسایەی ئەوەی کە بێتەجروبەن، لەجیاتی ئەوەی کە دەستکەوتیان هەبێت زۆرجار زیانی تێدا ئەکەن.

بۆنمونە کرێکارانی ژینگەپارێز زنجیرەیەک خۆپیشاندانیان ئەنجامداو کۆمەڵێک داواکاریان هەبوو هیچکام لەداواکارییەکانیان جێبەجێ نەکراو بەشێک لەکرێکاران لەسەر کارەکانیان دورخرانەوە. ئەم حاڵەتە لەکارگەی گرین عێراق بەهەمان شێوە ڕوویداو بەشێک لەکرێکاران لەسەرکار لابران و زیانەکان لەدەستکەوتەکان زۆرتربوون. ئەو نمونانەی کە تائێستا کرێکارانی کوردستان نیشانیان داوە لەگەڵ ئەم دۆخە سەختەی ئێستاش کە بۆکرێکاران بوەتە جێگای نارەحەتی و دوودڵی و پرتوبوڵەی هەمووڕۆژەیان، دووسەرچاوەی هەیە:
یەکەمیان، سیستمی سیاسی و هەژموونی دەسەڵاتداران و دوهەمیان ناڕێکخرابوونی کرێکارانە.

بۆ باشکردنی دۆخی کار و ژیانی کرێکارانیش تەنها یەک ڕێگا هەیە لەبەردەم کرێکاراندا کە هاوسەنگیەک لەنێوان خاوەنکارو کرێکاراندا دروست بکات، ئەویش ڕێکخراوبوونە. کرێکاران ئەبێت پرسی ڕێکخراوبوون بکەنە قسەوباسی هەمووڕۆژەیان و هەوڵبدەن تەواوی ڕێگرییەکان لەبەردەمیاندا لاببەن.

ڕێکخرابوون دەتوانێت چارەنوسی تەواوی کێشەکان دیاری بکات و کۆتایی بەم دەورەیە لەکاری سەخت و کرێی کەم و هەڕەشەی دەرکردن لەسەرکارو دواکەوتنی موچەو حەقدەست و ...هتد بهێنێت.. ئەوەی کرێکاران پێیانوایە لەهەلومەرجێکی وەک ئەمەی کرێکارانی کوردستاندا دەست بردن بۆ ڕێکخراوبوون سەختەو ڕێگریەکان زۆرن، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە کرێکاران بەشوێنێک گەیشتوون کە دەرباز بوون لێی بووەتە جێگای مشتومڕی هەموو ڕۆژەیان. بەڵام هێشتا لەبازنەیەکی داخراودان .بۆیە دەتوانین بڵێین کە لەناو کرێکاراندا ئاسۆی سەرهەڵدانی جموجوڵەکانی کرێکاران بۆ باشکردنی بارودۆخی کار و ژیان خەریکە ڕۆشندەبێتەوە

ئەو باوەڕەی کە لەلای بەشێک لەکرێکاران هەیە کە پێیانوایە ڕێکخراوبوون بێ ئیستیفادەیەو هیچی لێ نایەتە دی، هەر لەوێوە سەرچاوەی دەگرێت کە کرێکاران کەم تەجروبەن و هێشتا هێزی خۆیان ناناسن، هەندێکیش پییانوایە کە خاوەنکار ڕاستەوخۆ دەتوانێت گشت ئەو کرێکارانە لەکارەکانیان دووربخاتەوە کە بڕیاریان داوە لەدەوری داواکارییەکانیان ڕێکخراوبن و لەڕێگای نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خۆیانەوە بەدواداچون بۆ داواکاریەکانیان بکەن. بەڵام لەڕاستیدا ئەم وێناکردنە هەڵەیە، لەبەرئەوەی کە پرسی ڕێکخراوبوون یەکێکە لەو مافانەی کە بە یاسا بۆ کرێکاران دەستەبەرکراوە.

زۆر نمونەش هەیە کە دەریدەخات ڕێکخراوبوون بۆکرێکاران زەرورییەو ئەگەر کرێکاران لەڕێگای ڕێکخراوەکانی خۆیانەوە نوێنەرایەتی بکرێن، دەتوانن درێژە بەخەبات بدەن هەتا کۆتایی بەدواداچون بکەن بۆ خواستەکانیان. بەهەر ئەندازەیەک کرێکار خاوەنی ڕێکخراوی خۆی بێت بەو ئەندازەیەش دەستکەوتی ئەبێت. نمونەیەکی زیندوی تری خەباتی ڕێکخراوەیی کرێکار لەشکڵێکی زۆر ئاسان و بچوکدا نیشان ئەدەم بۆئەوەی کرێکاران بزانن کە ڕێکخراوبوون بێدەستکەوت نابێت..

کرێکارانی کارخانەی چیمەنتۆی تاسلوجە ماوەی زیاتر لە ٢٠ساڵە بەشێوەی جۆراوجۆر سەرقاڵی خەباتن بۆ وەرگرتنەوەی قازانجی ساڵانە کە لەنێوان دوو کومپانیادا دەستی بەسەردا گیراوە.

خەباتی کرێکاران ئەگەرچی پچڕ پچڕ درێژەیان پێداوە، بەڵام بەردەوام بەشێکیان وەک نوێنەرانی هەمویان بەشێوەکی ڕێکخراو بردویانەتە پێشەوە. دوای یەک دەیە لەخەبات بەڵام هێشتا وازیان نەهێناوەو خاوەنکاریش هێشتا نەیتوانیوە هیچ کام لەو کرێکارانە لەسەرکار دەربکات کە بەشدارییان کردوە.

کرێکاران چەندین جار دەرگای کارخانەیان داخستووە لەپێناوی بەدیهێنانی داواکارییەکیان، چەند نەفەریان بەڕێژنەی تەقەی پاسەوانەکانی ئەو کارخانەیە ساڵی ٢٠١١بریندار بوون، بەڵام هێشتاش کۆڵیان نەداوەو ئێستا کێشەکەیان گەیاندوەتە وەزارەتی پیشەسازی بەغدادو لێکۆڵینەوە لەو داوایە بەردەوامە. بۆیە ئەبێت کرێکاران هاوشێوەی کرێکارانی کارخانەی چیمەنتۆی تاسلوجە دوابڕیاری خۆیان بدەن و خۆیان بۆ دفاع لەمافەکانیان ئامادەو تەیار بکەن و شێوازی ئەو ڕێکخراوەیە دیاری بکەن کە دەتوانێت کاریگەری هەبێت و خەباتکاربێت لەپێناوی مافەکانیاندا.

★

# هەوڵی پارێزگاری کۆن شکستی خوارد

بنار مستەفا

له بەرنامەی باڵۆنی کەناڵی رووداو میوانداری سالار عەزیزی کرد، کە پارێزگاری سلێمانی بوو لە ناوەراستی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو. لە بەرنامەکەدا قسەوباس لەسەر رووداوەکانی سەردەمی پارێزگاری ناوبراو کراو و ئاماژش بەوە درا، کە ئەو بە کەمی لەگەڵ دەزگاکانی راگەیاندن چاوپێکەوتن ئەنجام دەدات.

دیارە هۆکاری دەرنەکەوتن لە میدیاکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هێنانە ئارای ئەو کەیسانەی لەگەڵیدا دەژی، بە دیاریکراوی مامەڵەی لەگەڵ دەستفرۆشان و کوشتنی بەکر عەلی. پارێزگاری کۆن دەزانێت، هەر کاتێک گفتوگۆ ئەنجام بدات، ئەم کەیسە دێتەوە سەر مێز. پێی وابوو بە تێپەڕینی کات ئەم کەیسانە لە بیری خەڵکی کاڵ دەبنەوە و دەتوانێت بە ویستی خۆی ڕێڕەوی بۆ رووداوەکان دروست بکات و مێژوو تۆمار بکات. هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەی چاوپێکەوتنەکەی، ئەم هەوڵەی زوو بە شکست مەحکوم کرا.

رەنگە سی ساڵ مێژوویەکی درێژ بێت، بەڵام هێندە درێژ نییە شایەتحاڵ نەمابێت و لە بیرەوەری ئەو کەسانەدا نەمابێت، کە لەو سەردەمەدا ژیان و لە نزیکەوە ئاگاداری رووداوەکان بوون، یان خۆیان لەگەڵیدا دەرگیر نەبوویێتن. تەنها لە ماوەی چەند ڕۆژدا بە گرتە ڤیدیۆ، وتار، کۆمێنتی تورە کۆمەڵایەتییەکان و شێوەی تر قسەکانی پارێزگاری کۆن وەڵامیان وەرگرتووە و شایەتحاڵان رووداوەکانیان تەواو جیاواز و پێچەوانە گێڕایەوە.

پارێزگاری کۆن گوتی، کە لە خەمی دەستفرۆشاندا بووە و جێگەی تایبەتی بۆ تۆمار کردوون، بەڵام دەستفرۆشانی ئەو سەردەمە لە زاری خۆیان و بە واژۆی خۆیان گێڕایانەوە، کە چۆن هێزە چەکدارەکانی دەسەلات هێرشیان دەکەردە سەریان، کاڵا و عەرەبانەکانیان تێکدەشکان یان دەستیان بەسەردا دەگیرا و لە بەرانبەر پارەیەکی زۆردا پێیان دەدرایەوە. ئەگەر بەراستی بچووکترین خەمخۆری لە پارێزگاری ئەو کاتەوە هەست پێ بکرایە، دەستفرۆشان هێندە ئامانجیان نەدەبوو خێرا وەڵام بدەنەوە و بەرپەرچی چەواشەکاری بگرن.

لە پەیوەند بە کەیسی تیرۆری بەکر عەلی، پارێزگاری کۆن هەوڵی دا خۆی لێ بێبەری و تەنانەت بێئاگا بکات. ویڕای ئەوەی بۆ ئەم کەیسەش کۆمەڵێک شایەتحاڵ رووداوەکانی ئەو ڕۆژە و ئەو کاتژمێرەیان گێڕاوەتەوە و تۆمار کراون، قسەکانی پارێزگاری کۆن ناکۆکی زۆرە و زیاتر شێوەی ڕیوایەتێکی دروست کراو دەردەکەوێت تا رووداوی راستەقینە.

هەروەها لە بۆنە و چاوپێکەوتنی جیاوازدا، کە قسەی لەسەر کردووە، ناوەڕۆکی دژبەیەکی داوە. بۆ نموونە چەند ساڵ پێشتر لە کەناڵی کوردستان ٢٤ گوتی، کە فیشەک لە ڕێگەی زەویەوە بەرزبۆیەوە و بەر بەکر عەلی کەوت، لە گێڕانەوەی ئەم جارەیان تەقە بە ئاسماندا کرا و بەر بەکر عەلی کەوت.

هەر وەک خۆشی گێڕایەوە و شایەتحاڵەتەکانیش ئاماژەیان پێ داوە، ئەو ڕۆژە لە خۆپیشاندانەکەوە بەکر عەلی هەڵهات و لە کۆڵانەکاندا تەقەی لێکرا. پێویست ناکات یاساناس یان لێکۆڵەر بێت بۆ تێگەشتن لەوەی، کە بەکر عەلی کراوەتە ئامانج، هەر بۆیە دوور لە خۆپیشاندانەکە و لە کۆڵانەکاندا چەکدارانی سەر بە دەسەڵاتە دوایکەوتوون و تەقەیان لێ کرد. بڵاوبوونەوەی نامەی بەکری حاجی سەفەر بەڵگەیەکی ترە و پارێزگاری کۆن دەتوانێت لە بەرانبەریدا تەنها بێدەنگی هەڵبژێرێت.

بەجیا لە تاوانی کوشتنی بەکر عەلی، سالار عەزیز دەیویست نیشانی بدات لە خەمی خەڵکی مافخراوی حامیەدا بووە. بەجیا لەوەی ئەمە تەنها قسەی خۆیەتی و خەڵکی حامیە و راستی رووداوەکان تەواو پێچەوانەی ئەم ئیدعایە دەخەنە روو، تەنانەت لە قسەکانی خۆشیدا بێ باکی و گوێنەدان بە ژیان و چارەنووسی خەڵکی بێ خانەولانەی حامیە بەدی دەکرێت. ئەو خۆی گوتی، کاتێک خەڵکی حامیە بۆ نارەزایەتی دەربرین لە بەرانبەر تێکدانی ماڵەکانیان لە بەردەم پارێزگار خۆپیشاندانیان ئەنجام دا، پارێزگار دەچێتە دەرەوە بۆ تەماشاکردنی جێیەکی نوێ بۆ بەنزینخانە و گوێ ناداتە خۆپیشاندەران. بەراستی گەر تۆزقاڵێک نارەزایەتی و داواکاری خەڵکی حامیە جێگەی بایەخی پارێزگار بووایە، بەو شێوەیە مامەڵەی دەکرد؟ خۆپیشاندەرانی بەجێ دەهێشت؟ بە 'ڕێکەوت' دروست ئەو کاتەی ئەو لەوێ نییە، بەکر عەلی ژیانی لێ دەسەندرێتەوە؟ پارێزگاری کۆن ناتوانێت چەواشە بکات و راستی رووداوەکان بشارێتەوە و مێژوویەکی دروستکراو تۆمار بکات. کەسانێکی زۆر لە ژیاندا ماون و بە تاڵترین شێوە سەردەمی دەسەڵاتی ئەویان ئەزموون کردووە و ڕێگە نادەن مێژوو چەواشە بکرێت. هەر بۆیە بە دروستی زوو هاتنە دەنگ. گەر ڕۆژێک دادگا سەربەخۆ بوو و یاسا سەروەر بوو، بەڵگەکان لەوێ دەخرێنە روو، نەک لە راگەیاندنەکان.

★

**بزوتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی کرێکارو بێبەشی کوردستان بەبێ رێکخراوبوون و رزگاربوون لە ئاسۆی سیاسی هێزە بۆرژواییەکان بەسەرکەوتن ناگات..رێکخراوبوون و بەهرەمەندبوون لە ئاسۆی سیاسی شۆڕشگێرانە گرنگترین چەکی دەستی جەماوەرە بۆ گەیشتن بە ماف و بە ئامانجەکانی!**

# پەیامی حزبی حیکمەتیست/ (خەتی ڕەسمی)
# بۆ کۆنگرەی شەشەمی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان

هاورێیانی ئازیز!
پاش سلاویکی گەرم

وێرای سوپاس و پێزانین بۆ بانگهێشتنی ئێمە بۆ بەشداری لە کۆنگرەی شەشەمی حیزب، بە داخەوە نەمان توانی لەم دانیشتنە گرینگەدا بەشدار بین. بەلام لەم دەرفەتە کەلک وەردەگرین، و وێرای ئارەزوی کۆنگرەیەکی سەرکەوتو، چەند سەرنجێک لەگەل ئێوە هاورێیانی ئازیز دەخەینە ڕوو.

بێ گومان کۆنگرە مۆری ئالوگۆڕەکانی ئەم دەورەی چ لە گۆشەی هەلومەرجی نێونەتەوەیی و دۆخی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و چ ئالوگۆڕەکانی عێراق و کوردستانی پێوەیە، گۆڕانکاری گەلێک کە ڕەنگی خۆی بەسەر سیمای سیاسی جیهان و ناوچەکەوە دیارە.

گۆڕانکاریەکانی ئەم دوایەی جیهان کە هاوکات بوو لەگەل شکستی سیاسەتی میلیتاریستی ڕۆژئاوا بە ڕێبەری ئەمریکا و پاشەکشەی ئەوان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، ئەم گۆڕانکاریانە کۆتایی جیهانی یەک جەمسەری و سەرهەلدانی جیهانی چەند جەمسەری وەک ڕاستیەکی بێ ئەملاولا و بێ گەڕانەوە خستە بەردەمی جیهان و لەگەل خۆیدا خەلکی جیهانی خستوتە نێو دەورەیەکی نوێ. نەمانی سێبەری شەڕی گەورەی ئەمپریالیستی بەسەر ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، بوار و دەرفەتێکی کردوەوە بۆ چینی کرێکار و خەلکی ئازادیخواز لە سەرجەم ناوچەکە. لە ئێران و عێراق و کوردستانەوە بگرە تا لوبنان و تاد... بۆ ئەوەی دەولەتە دەسەلاتدارەکان بخەنە ژێر گوشار لە پێناو دەستڕاگەیشتن بە داخوازییەکانیان.

شەپۆلی نارەزایەتیەکان لەم سالانەی دوایی لە کوردستانی عێراق و لە دژی دەولەتی هەرێمی کوردستان و هاوکاتیش نارەزایەتیەکان لە عێراق بۆ خزمەتگوزاری و ئاسایش کە ئێستاش بە شێوەی جۆراوجۆر درێژەی هەیە، گۆشەیەک لە گۆڕانکاریەکانی ناوچەیەکەیە کە هاوکات لەگەل نارەزایەتی فراوان، سەراسەری و ئازادیخوازانەکان لە تموز ٢٠٢٢(خەرمانان ١٤٠١) لە ئێران، توانی سەرنجی هەمو جیهانی بەرەو بزوتنەوەیەکی ئینسانی و عەدالەتخوازانەی ڕادیکالی، کە چینی کرێکار و ژنان تیایدا ڕۆلی بەرجەستەیان هەیە.

هاوکات بەرگری دەولەتەکانی ڕۆژئاوا لە پێشیانەوە ئەمریکا، بە مل نەدان بە واقعیەتی داکۆزان و لاوازبوونی پێگەی تازەیان لە دنیادا، بۆتە هۆکاری پەرەدان بە کیشمەکێشێک کە لەگەل خۆیدا مەترسی بۆسەر جیهان لەگەل خۆی هێناوە.

شەڕ لە ئۆکرانیا و هەولی دەولەتانی ڕۆژئاوا و ناتۆ بۆ درێژەدان بەم شەڕە، لەسەر حسابی دارمانی ولاتێک و زەرەر و زیانی زۆری ئینسانی خەلکی ئۆکرانیا، ڕێگری کردن لە ڕێککەوتن و سازان و کۆتاییهێنان بەجەنگ، هەناردەکردنی چەک و کەرەسەی سەربازی بۆ ئەم ولاتە و هەلخراندن و هاندانی شەڕخوازانە لە ژێر ناوی "شەڕ لەگەل ڕوسیا و مەترسی هێرشی ڕوسیا"، زیادکردنی خەرجی سەربازی ولاتانی ڕۆژئاوا و پڕۆپاگەندای هەلخرێنەر و هاندەرانەی دەولەتەکان و میدیای ڕەسمی، نیگەرانی و مەترسی زۆری لەبەردەم مرۆڤایەتی داناوە.

هەر لەم ماوەدا و پاش گورزی حەماس لە ٧ی ئۆکتۆبر بۆ سەر هێزەکانی ئیسرائیل، ئێمە شایەتی یەکێک لە خوێناویترین تاوان و کۆمەلکوژی لە دژی خەلکی فەلەستینین، کە لە لایەن دەولەتی فاشیستی ئیسرائیل و بە پشتیوانی هەمەلایەنەی دەولەتانی ڕۆژئاوا و لەسەروی هەمویانەوە ئەمریکا بەڕێوە دەچێت. هاوکاتیش شایەتی بزوتنەوەیەکی ئینسانی و جیهانیین بۆ پشتیوانی لە خەلکی فەلەستین لە دژی ئەو جینۆسایدەی کە ئیسرائیل بەڕێوەی دەبا. بزوتنەوەیەک کە سەرانسەری جیهان و بەتایبەت سەرجەم ولاتانی ڕۆژئاوایی گرتوتەوە و لە بەرانبەر بە دەولەتانی ڕۆژئاوایی ڕاوەستاوە.

ئەم بزوتنەوە مەزنە لە ڕۆژئاوا بۆ بەرگری لە خەلکی فەلەستین و بەرانبەرکێ لەگەل دەورونەخشی دەولەتانی ڕۆژئاوا لەم کۆمەل کوژییەدا، لەگەل خەباتی ئەوان بۆ دیفاع لە مافە ئینسانیەکانی خۆیان و لە دژی دەستدرێژی دەولەتانی ڕۆژئاوایی بۆ بژێوی ژیانی چینی کرێکار لێک هەلپێکراون.. لە جەرگەی ئەم خەباتەدا، دەولەتانی ڕۆژئاوایی بە پەرلەمان و سیستەمی دەسەلاتداریانەوە، بە حیزبە سیاسی سونەتیەکانیانەوە، بە فەرهەنگ و ڕوبینای سیاسی دەسەلاتدار بە سەر ئەم ولاتانەدا و دەور و نەخشی ڕوخێنەری میدیای ڕەسمی لە گەوجاندنی خەلک و وەک دەزگای پڕۆپاگاندای شەڕ، سەرجەمیان بە تەواوەتی چونەتە ژێر پرسیار. ئێستا ئیتر مەودای نێوان دەولەتان و چینی کرێکار و خەلک لە ڕۆژئاوا هاوشێوەی ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی لێ هاتوە.

ئەم بارودۆخە سەربەخۆ لە پەرەدان بە قەیران لە نێو دەولەتەکان و سیستەمی پارلمانتاریستی و دیموکراسی ڕۆژئاوایی و مافی مرۆڤ و ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان و ....

هەروەهاش بن بەست و بێ وەڵامی سیستەمی کاپیتالیستی و پێویستی وەلانانیان لە لایەن بەشەریەتەوە بە تەواوەتی نیشان داوە. ئەم ڕاستیانە بەتەواوەتی پێویست بوونی کۆمۆنیزم و شۆڕشی کرێکاری وەک تەنیا وەڵامی ڕاستەقینە بۆ جیهانێکی ئازاد، بەرابەر، باش بژیو و ئەمن لەبەردەم مرۆڤایەتی داناوە.

هاوڕێیان!

سەرەڕای ئەم ڕاستیانە، ئێستا لە عێراق و لە کوردستانی عێراق شایەتی ئاڵوگۆڕیکین. شکستی میلیتاریسمی ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەوڵی دەوڵەتانی ناوچەکە بۆ کەم کردنەوەی شەڕ و ناکۆکیەکان بەهۆی پێداویستی بۆرژوازی ناوچەکەیە، ئەمەش سەرەڕای ناکۆکی و گرژی لاوەکی لە نێو خۆیاندا بە ئاشکرا دیارە. ئەم دەورەیە بەجیا نارەزایەتییە کرێکارییەکان و ژنان بە شێوەی جۆراوجۆر خەباتی نەوەی نوێ و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگەش لە پێناو ژیانێکی باشتر و خۆشگوزەرانی و ئارامی ئاسایشدا، لە ناوچەکەدا لەئارادا بوو. بە جیا لە پێگەی ئێران و ئاڵوگۆڕی ئازادیخوازانەی ئەم دەورەیە و کاریگەرییە جیهانی و ناوچەییەکانی، ئێستا ئێتر ساڵانێکە دورودرێژە حکومەتی هەرێمی کوردستان کەوتوتە ژێر گوشاری خوارەوەی کۆمەڵگە. خۆشباوەری بە حیزبە ناسیۆنالیستەکان و حکومەتی "خۆماڵی" ڕەوییوەتەوە و ئێستا خواستی ڕوخانی ئەم دەسەڵاتە و سەرجەم دەسەلاتی قەومی – مەزهەبی عێراق لەسەر مێزی چینی کرێکار و خەڵکی بەش مەینەتی کوردستان و سەرجەم عێراقە.

جیاواز لە ڕەوتی ڕوداوەکان لە عیراق و کوردستان و زیاتر لە سێ دەیەی دەسەڵاتدارییتی حیزبە ناسیۆنالیستە کوردیەکان لە کوردستان و دەور و نەخشی وێرانەکەرانەیان لە دژی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکیش، داسەپاندنی هەژاری و بێ مافی بەسەریاندا، سێبەری خۆشباوەڕی ناسیونالیستی لەناو چینی کرێکاردا لە کوردستانی عێراق بەشێوەی بەرجەستە کەمی کردوە. لەسەرتاسەری عێراقیش سەرجەم حیزب و لایەنە مەزهەبی و قەومی، ناسیۆنالیستییەکان .... لە ناسیۆنالیسمی عەرەبەوە بگرە تا گرووپە مەزهەبی شیعە و سونیەکان پاش چەند دەیە دەسەڵاتداریەتی و داسەپاندنی هەژاری و نەهامەتی بەسەر کۆمەڵگەدا، خۆیان و کارنامەکەیان کەوتونەتە بەر ڕق و کینەی هەرە زۆری کرێکاران، ژنان و نەوەی نوێ و توێژە بەشمەینەتەکانی کۆمەڵگەوە. ئەم هەل و مەرجە زەمینەی بۆ کەمکردنەوەی دوبەرەکی میللی و مەزهەبی لە نێو چینی کرێکار لە کوردستانی عێراق و گەشەی خەباتی چینایەتی لە سەرجەم عێراقدا پێکهێناوە. سیناریۆی ڕۆژهەڵاتی قەومی-مەزهەبی شکستی هێنا، خرۆشان و نارەزایەتیەکانی چەند ساڵی ڕابردو لە عێراق، لوبنان و ... لە دژی دەوڵەتانی موزائیکی و هێزە قەومی و مەزهەبیەکان نیشاندەری ئەم ڕاستیەیە.

ئەم دۆخ و گۆڕانکاریانە لە ناوچەکە وجیهاندا، ئەرک گەلێکی قورسی خستۆتە سەر شانی سێ حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و حیزبی حیکمەتیست (خەتی ڕەسمی)، بەوێنەی قوتبێکی یەکگرتوی ڕێکخراو و ڕاوەستاو لەسەر بزوتنەوەیەکی ڕاستەقینە لە ناوچەکەدا کە کاریگەریەکی گەورەی جیهانی بەدواوەیە.

بێ ئەم لاو لا، ئەم دۆخە بە ڕۆڵی جیدی و بەرپرسانەی ئێمە، بە ڕۆشن بینی مارکسیستی و خەت و سیاسەتی پرۆلیتێری و بە ئیرادە و بڕیاری هوشیارانە و دەخاڵەتی جیدی ئێمە بەستراوەتەوە. بێ گومان کونگرەکەتان ئەتوانێ بە چاوێکی کراوەو جیدی و واقعبینانە بۆ بارودۆخەکە و بە دارشتنی نەخشەی ڕۆشن و بڕیار گەلی جیدی سیاسی لەم ڕاستایەدا هەنگاوی جیدی بەرەو پێش هەڵبگرێت.

هاوڕێیانی ئازیز!

ئێمە لەم ڕێگایەدا لەگەڵ ئێوەین. ئاواتی سەرکەوتن بۆ ئێوە و بۆ کۆنگرەی شەش دەخوازین.

حیزبی حیکمەتیست (خەتی ڕەسمی)

١٢ی مارس ٢٠٢٤

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری تەنها بەگرتنەبەری ئاراستەیەکی سیاسی و عەمەلی پێشەنگ لەسەر بنەمای ناسینی ڕەوتی خەباتی چینایەتی و لایەنەکانی هەلومەرجی سیاسی ئێستا و ئەو مەسەلە و میکانیزمانەی کە کۆمەڵگا دەیخاتە بەردەست، دەتوانێت وەک حزبێکی سیاسی لە خەبات بۆ گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسی دەرکەوێ و لەڕاستای بەکردەوە دەرهێنانی ستراتیژی عەمەلی خۆی بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکاری ڕیشەیی لە دۆخی ئێستاو بردنی کۆمەڵگا بەرەو سۆسیالیزم، هەنگاوهەڵگرێ. حزبی سیاسی کۆمۆنیستی خاوەنی لێکدانەوە و خەتێکی فکری و ڕیبازێکی سیاسی و عەمەلی جیاوازە کە جیایدەکاتەوە لەسەرجەم ڕەوت و بزوتنەوەو ڕێکخراوە سیاسیەکانی دیکە و دەبێ سەرەنجام ئەم لێکدانەوە و خەت و ڕێبازەی خۆی بکاتە بیرکردنەوەی سیاسی و ئاراستەی هەڵسوڕانی عەمەلی بەشێکی بەرچاو لە هەڵسوڕاوان و ڕابەرانی عەمەلیی چینی کرێکارو جەماوەری زەحمەتکێش.**

# پە یامی حزبی حیکمەتیست
# بۆ کۆنگرەی شەشەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

هاورێیانی ئازیز!
نوێنەرانی کۆنگرەو ئامادەبووانی بەڕێز!

بەناوی حزبی کۆمۆنیستی کارگەریی ئێران - حیکمەتیستەوە پیرۆزبایی بەستنی کۆنگرەی شەشەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانتان لێدەکەم. ئێمە ئاواتەخوازبووین لەکۆنگرەی ئێوەدائامادەبینبەڵامبەداخەوە هەندێک ئاستەنگی کردەیی و سنووردارێکات ڕێگەی پێنەداین.
کۆنگرەی ئێوە لەکاتێکدا دەبەسترێت کە جیهان پڕبووە لە هەژاری و نادادپەروەری و کۆمەڵکوژی و تیرۆر. ناوەندەکانی قەیران لەسەرانسەری جیهاندا ڕوژانە زۆرتر، تاوانە بە کۆمەڵەکانی دژ بە مرۆڤایەتی بەرفراوانتر، ترسنانەوەی میدیا و ئایدیۆلوژی توندتر دەبنەوە. هەوڵی سەرمایەداری بۆ ملکەچپێکردنی مرۆڤایەتی ڕەهەندی سەرسامهێنەری لەخۆگرتووە. ناسەقامگیری و قەیران بوونەتە تایبەتمەندیەکانی جیهانی ئەمڕۆ و ئەم واقیعە وایکردووە زەرورەتی سەرهەڵدانی ئەڵتەرناتیڤی شۆڕشگێرانە و کۆمۆنیستی لەهەمووکاتێک دەمودەستتر بێت.
ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئێران، عێراق و کوردستانی عێراق کە بۆ ئێمە شوێنی هاوبەشی کاریگەری و چالاکیین، بەدوخێکی قووڵی ناجێگیری و پرگۆڕانکاریدا تێدەپەرن. کێشمەکێشەکان لەنێوان هێزەکۆنەپەرست و تیرۆریستیە حکومەتی و ناحکومەتیەکاندان. بەڵام لایەنێکی تری ململانێکان چینی کارگەرو ژنان و نەوەی نوێ و پێشڕەون کەداوای رووخانی حکومەتە ئیسلامی و تەوافوقی و فیدراڵی و سەرکوتگەرەکان دەکەن. لەگۆڕەپانی سیاسی عێراق و کوردستاندا، هێزە ناسیونالیستیە عەرەبیەکان، ناسیونالیزمی کوردو ئیسلامییە جۆراوجۆرەکان ئەزموونی خۆیان گوزەراندووە و ڕووی راستەقینەی خۆیان ئاشکرا کردووە. جارێکی تریش دەرفەت بۆ بزووتنەوە عەلمانی و مۆدێرن و سۆسیالیستی و کۆمۆنیستەکان فەراهەم بووە. جووڵانەوەی کارگەریی جووڵانەوەی رزگاریخوازانەی ژنان و لاوان لە کوردستانی عێراق و بەغدا و تاران و بەیروت ئاسۆیان ئاسۆیەکی کەموزۆر هاوتایە. ناڕەزاییەکی هاوشێوەیان هەیە، دووچاری دیدگای بەرتەسکی نەتەوەیی و ئایینی نین و جیهانیتر بیردەکەنەوە. نزیکترین رەوتێک بەم مەیلە کۆمەڵایەتیانە کۆمۆنیزمی کارگەرییە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەتوانێت لە جوگرافیای کارکردنی خۆیدا ببێتە نوێنەری ناڕەزایەتی کۆمەڵایەتی ئەم نەوەیە.
لەم هەلومەرجە ئاڵۆزەدا چاوەڕوانی لەهەر کۆنگرەیەکی کۆمۆنیستی وەڵامدانەوەی پرسیارە میحوەریەکانی کۆمەڵگاو پێداویستییەکانی پراکتیکی شۆڕشگێڕانەیە. چاوەڕوانی ئێمە لە کۆنگرەی شەشەمیش ئەوەیە کە قامک بخاتەسەر پرسیار و بەرە سەرەکییەکانی نەبەردی چینایەتی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان و عێراق و ناوچەکەداو بەدەرەنجامی سیاسی و کرداری پێویست بگات. هەر رەوتێک بتوانێت لەم پرۆسەیەدا ڕۆڵی دەخالەتگەرانەو شۆڕشگێڕانە و کۆمۆنیستی بگێڕێت دەرفەتی کۆکردنەوەی ئوردوی ئازادیخوازی وچەپی کۆمەڵگای لەژێر ئاڵای کۆمۆنیزمی کارگەریدا دەبێت.
ئومیدەوارین کۆنگرەی شەشەمی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بە پشکی خۆی هەنگاوی جدی بنێت بۆ وەڵامدانەوە بەو پرسیارو ئەرکە دەست بەجێیانەی کە ئەمڕۆ بەرۆکی هێزە چەپ و کۆمنیستەکانی گرتووە. لە دڵەوە هیوای سەرکەوتن بۆ کۆنگرەکەتان دەخوازین.
بە ناوی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کارگەری ئێران - حیکمەتیست

سیاوەش دانشوەر
١٠ی مارسی ٢٠٢٤

**قۆناغێکی تازە، کە لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی دژی داعش و ڕوداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ و پەیداکردنی باڵادەستیی حکومەتی عێراق لەبەرامبەر دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتی دەستی پێکردبوو، لە ئێستادا بەئەنجام گەیشتووە. لە ئەنجامدا کوردستان بەکردەوە بووەتەوە بەشێک لە عێراق و گەڕاوەتەوە ژێر ڕکێفی دەوڵەتی مەرکەزی. ئەم ئاڵوگۆڕە هەلومەرجێکی تازەی هێناوەتەکایەوە کە کاریگەری لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی دادەنێت و بزوتنەوەی کرێکاری و جەماوەری پێدەنێتە قۆناغێکی تازەوە.**